کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٦ -سەرماوەزی ١٤٠٣-دسامبری ٢٠٢٤






## ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەپێناو نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان

لە لاپەڕەی ٧



## چڕبوونەوەی ڕەوتی دارمانی کۆماری ئیسلامی، پەرەسەندنی بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان و ئەرکی چەپی شۆڕشگێڕ

لە لاپەڕەی ٤



## شۆڕش نیگەرانیی هاوبەشی، سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی

لە لاپەڕەی ٩



## ترس لە شۆڕشی لەشکری برسییەکان، خەوی لە چاوی بەرپرسانی ڕژیم زڕاندووە

لە لاپەڕەی ٨

## سەروتار

### بەرەوپیری ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی خوێندکار لە ئێران

لە ١٦ی سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار لە ئێران نزیک دەبینەوە. بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران، لە ماوەی ٤٦ساڵی ڕابردوودا، گەلێك هەوراز و نشێوی بڕیوە و سەرەڕای زەربەگەلێك کە خواردوویەتی و خەسارەت گەلێك کە دیتویەتی، ئەمڕۆکە بۆتە یەکێك لە کۆڵەکەکانی بزووتنەوە ئازادیخوازە جەماوەرییەکان لە ئێران و بەرەو ئەوە دەچێ کە لە ڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەو بزووتنەیەدا، ڕۆڵی شیاوی خۆی لە پێناو دابینکردنی ئازادی و عەداڵەت و ژیانێکی ئازاد و بە دوور لە چەوسانەوە و ستەم لەم وڵاتەدا ببینێت

ڕژیم زۆری هەوڵدا کە زانکۆکانی ئێران بکاتە ناوەندگەلێکی بێدەنگ و گوێ لەمشتی خۆی، بەڵام نە داخستنی زانکۆکان، نە هەوڵدان بۆ ئەوەی کە لەژێر ناوی «وەحدەتی حەوزە و زانکۆ» ناوەندی زانست و پێشکەوتن بکاتە پاشکۆی حەوزە مەزهەبییەکان، نە سیاسەتی هەڵاواردن و کردنەوەی دەرگا بۆ خوێندکارانی ئەندامی ئەو بنەماڵانەی کە سەر بە ڕژیم بوون، نەیتوانی ئەم مەبەستەی ڕژیم بەدی بهێنێ. لە ساڵەکانی ٧٠ی هەتاویی بەملاوە، جارێکی دیکە زانکۆکانی ئێران بوونەوە بە ناوەندگەلێکی چالاکی خەباتی سیاسی و ئەمڕۆکە بەرەو ئەوە دەچن کە بکەونەوە سەر هێڵی مێژوویی خۆیان، کە بریتییە لە خەبات لە دژی دیکتاتۆرییەت و لەپێناو ئازادی و بونیادنانی جیهانێکی ئینسانیی، ئازاد و بەرابەر و بەختەوەردا

بزووتنەوەی خوێندکاری ئەگەرچی لە ئاکامی سەرکوتی توندی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق و کۆشت و بڕی ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویی، زۆرترین زیانی پێ گەیشت و بۆ ماوەیەك بێ جموجۆڵ و بێدەنگ بوو، بەڵام بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٧٦ەوە گیانێکی تازەی هاتەوە بەر و کەوتەوە جموجۆڵ بۆ ئەوەی دەوری مێژوویی خۆی ببینێت. ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی بە کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتێکی زۆر کە لەبەردەستیاندا بوو، هەوڵیاندا لە ڕێگەی «ئەنجومەنە ئیسلامییەکان» و «دەفتەری تەحکیمی وەحدەتەوە«، کۆنترۆڵی ئەو بزووتنەوەیە کە تاڕادەیەک بۆژابۆوە، بگرنە دەست، لە هەر چەشنە ناوەرۆکێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە بەتاڵی بکەن و بیکەن بە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# درێژە ی سەروتار

ئامرازێك بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە باڵی دەسەڵاتداری ڕژیم. بەڵام پەرەسەندنی مەیل و بۆچوونی مارکسیستی، لە ناو خوێندکاراندا، لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوی دا و بووژانەوەی چەندین گۆڤار و وێبلاگ و کۆڕ و کۆمەڵی چەپ و سۆسیالیست لە زانکۆکاندا، مەیدانی مانۆڕی لە «دەفتەری تەحکیمی وەحدەت» گەلێك بەرتەسك کردەوە و ڕەوتی شکلگرتنی نەوەیەکی نوێی لە هەڵسووڕاوانی چەپ و سۆسیالیست لە زانکۆکان دەستی پێکرد

لەگەڵ بووژانەوەی ئەم ڕەوتە و پەرەسەندنی نفووز و کاریگەرییان لەناو کۆمەڵی بەرینی خوێندکاراندا، بزووتنەوەی خوێندکاری لە زانکۆکان پێی نایە کەش و هەوایەکی خەباتکارانەی نوێەوە. بە بڕوا بەخۆیەکی جێگای ستایش، هەبوونی خۆی لە جەرگەی دیکتاتۆرییەت و خەفەقانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا، بوێرانە، ئاشکرا کرد و دروشمی ڕادیکاڵ و پێشڕەو و سۆسیالیستی لە زانکۆکاندا بەرز کردەوە. بەمجۆرە بوو کە ئەو بزووتنەوەیە پێگەیەکی بەهێزی لەناو دڵی جەماوەرێکی کە لە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ڕژابوونە سەر شەقامەکان دەستەبەر کرد. ئەم بەشە لە خوێندکاران دەورێکی بەرچاویان لە خەبات و خۆڕاگریی دووساڵی ڕابردوو لە ئێراندا هەبوو

ئەو پێگەیەی کە ئەم بزووتنەوەیە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بە دەستی هێناوە، ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی کە لە درێژەی خەباتی تا ئێستای خۆیدا، بەرامبەر بە هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگای دەرەوەی زانکۆکان و لەناو زانکۆکان بە شێوەی جیدی و هەڵسووڕاو، کاردانەوەی هەبێ و تێیاندا دەور ببینێت

ئەمڕۆکە سێ ملیۆن و نیو، خوێندکاری لاوی پڕ لە شوور و شەوق کە زۆربەیان لە بنەماڵە هەژار و کەم داهات و کرێکارییەکانی ئەو وڵاتەن، فێری ئەوە بوون کە نەك هەر بۆ دابین بوونی داخوازییەکانی پێشەیی و ڕۆژانەی خۆیان لە زانکۆکان پێویستە لێبڕاوانە خەبات بکەن، بەڵکوو لە هەمان کاتدا، دەتوانن و پێویستە لە خەباتی جەماوەری و ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکیشدا دەور ببینن. بزووتنەوەی خوێندکاریی، پێویستە بۆ ئازادی خوێندکاران و مامۆستایانی زیندانی تێبکوشێت، پێویستە دەنگی ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بە بێبەشکردنی خوێندکارانی تێکۆشەر لە درێژەدان بە خوێندن بەرز بکاتەوە. لە دژی خانەنشین کردنی زۆرەملێی مامۆستایان و لە دژی بە پادگانی کردنی زانکۆکان ڕابوەستێ و بە ڕاوەستان و خۆڕاگریی خۆی، سەرنج و پشتیوانی گۆمەڵگا و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بەرەولای داخوازییەکانی ڕابکێشێت

هەر ئێستا ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و خوێندکار لە زیندانەکاندا بەسەر دەبەن، ژمارەیەکی زۆر خوێندکار «ئەستێرەدار» کراون و خەریکن لە خوێندن بێ بەشیان دەکەن، پەروەندەی کەهریزەك و ڕووداوی کووی دانیشگا و هیتر، بەستراون و ڕژیم گوێی خۆی لە بەدواداچوونیان خەواندووە. هێنانەگۆڕێی سەرلەنوێی هەمووی ئەمانە ئەرکی هەر ئێستای بزووتنەوەی خوێندکارانە. بزووتنەوەی خوێندکاریی وەکوو بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی کۆمەڵایەتی بە پشتبەستن بە پێگەیەك کە لە خەباتی دووساڵی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە، ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی کە هاوشان لەگەڵ هەر حەرەکەتێکی ڕادیکاڵ و پێشڕەوی کۆمەڵایەتی بۆ کۆتایی هێنان بە نابەرابەری ژن و پیاو، بۆ جیایی دین لە دەوڵەت و لە فێرکردن و بارهێنان، بۆ دەستەبەرکردنی خوێندنی بە خۆڕایی لە هەموو ئاستێکدا، بۆ دابین بوونی ئازادی ڕادەربڕین، بیر و باوەڕ و چاپەمەنی و هیتر، بەبێ هیچ شەرت و مەرجێك، تێبکۆ شێت

بزووتنەوەی خوێندکاریی سەرەڕای هەر جێگە و پێگە و قوورساییەکیش کە هەیبێت، بەبێ هاوئاهەنگی و هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، ناتوانێ دەوری کاریگەری خۆی لەو بوارانەدا بنوێنێ. لەم ناوەدا بە تواناترین بزووتنەوەیەکی کە بە شێوەیەکی سروشتی دەتوانێ هەم لە مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و هەم تەنانەت بۆ دابین بوونی داخوازییە پیشەییەکانی خوێندکارانیش یارمەتیدەر و پشتیوانیان بێت، بریتییە لە بزووتنەوەی کرێکاری. بزووتنەوەی خوێندکاران وەک بزووتنەوەیەکی کە کۆمەڵێکی بەرین لە خوێندکارانی پڕ لە شوور و شەوقی ئەو وڵاتەی گرتووەتەبەر، پێویستە ئالاهەڵگری یەکێتی ئەو ئینسانە تێکۆشەر، ئازادیخواز، بەدەربەست و یەکسانیخوازانە بێت کە ئاواتی بەختەوەری و ئاسوودەیی و ڕزگاربوونی ئینسان لە هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکیان لەدڵدایە

لەسێدارەدان لە کۆماری ئیسلامیدا هاولفی بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیم و بەردەوام یەکێک بووە لە ئامرازەکانی درێژەدان بە دەسەڵاتەکەی. ئەم ڕێژیمە سزای لەسێدارەدانی وەک توندوتیژییەکی ئاگایانە و ڕێکخراو بەمەبەستی لەناوبردنی نەیارانی سیاسی، ناڕازیانی کۆمەڵایەتی و قوربانیانی ئەم نیزامە ستەمکارە سەرمایەدارییە بەکارهێناوە. ئەم تاوانانە سەرەتا بە لەسێدارەدانی بەرپرسانی ڕێژیمی سەڵتەنەتی دەستی پێکرد، بەڵام زۆر زوو لەسێدارەدانی تێکۆشەران و نەیارانی ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێرانیش گرتەوە. سەرلەنوێ دەستبەسەرکردنەوە و پاشان لەسێدارەدانی دەیان سیمای ناسراوی ناو زیندانەکانی ساواک کە لە ئاکامی ڕاپەڕینی جەماوەردا ئازاد کرابوون، لە بەهاری ساڵی ١٣٥٨دا دەستی پێکرد. لەسێدارەدانی خەباتکاران و ڕێبەرانی خەڵکی تورکمان سەحرا لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی بەهاری ساڵی ١٣٥٨، لەسێدارەدانی ڕۆڵە قارەمانەکانی خەڵکی کوردستان دوای فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژ لە شارە جۆراوجۆرەکانی پارێزگای کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە لایەن خەڵخاڵی جەلادەوە و بەحوکمی حکوومەتیی و شەرعی خومەینی، لە سێدارەدانی ژنان، خوێندکاران، کرێکاران و ڕۆشنبیرانی بەدەروەست و ناڕازیی بەرامبەر بە نیزامی ئیسلامی، لە چوارگۆشەی ئێران، لە زومرەی کارنامەی فاشیزمی ئیسلامی هەر لە یەکەم لە مانگەکانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی بوو. حکوومەتی ئیسلامی، لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شەست بە ئیعدامی بەکۆمەڵ و کوشتاری سەر شەقامەکان و ئەشکەنجەی هۆڤانە لە زیندانەکاندا، شۆڕشی گەلانی ئێرانی کە بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی و ژیانێکی باشتر سەریهەڵدابوو، لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردەوە. کوشتارەکان لە کاتی کۆمەڵکوژ کردنی هەزاران زیندانی، کە لە دوای شکستی کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا، بەرێوە چوو، گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و تەنیا لە ماوەی دوو مانگدا، هەزاران زیندانیی لەسێدارەدران. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆیان، بەردەوام سزای لەسێدارەدانیان وەک ئامرازێک بە مەبەستی زاڵکردنی فەزای ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکدا و هەروەها پاراستنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان، بەکارهێناوە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە، ئاگری ژێر خۆڵەمێشی نەفرەت و بێزاریی جەماوەر دژ بەم ڕێژیمە سەرکوتگەرە هیچ کات خامۆش نەبووە و بڵێسەکانی خەبات و خۆڕاگریی جەماوەر، لە سەرتاسەری وڵات بەردەوام لە گەشانەوەدا بووە

خەبات لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەدەسێنێت. سەدان زیندانی بوێر و چاونەترس لە زیاتر لە ٢٠ زیندان لە سەرانسەری ئێران، کەمپەینێکیان لەژێر ناوی »سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان» دەستپێکردووە کە ئێستا پێیناوەتە ٣٧مین هەفتەی خۆیەوە. ئەوان هەموو هەفتەیەک لەم ڕۆژەدا مان لە خواردن دەگرن. ناوبانگی بوێری و شێلگیربوونی ئەم زیندانییە سیاسییە خەباتکارانە لە سەرانسەری جیهان دەنگی داوەتەوە. ئامانجی ئەم کەمپەینە، بریتییە لە ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سزای لەسێدارەدان و دژایەتیکردنی وەک

درێژە لە لاپەڕەی ٣





درێژە ی لاپەڕەی ٢

سزایەکی نامرۆڤانە و قەرەبوو نەکراوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جۆری تۆمەت یان پاڵنەر و باوەڕی ئەو کەسانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە و هەروەها خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەم سزایە. ژیان مافێکی سروشتی هەر مرۆڤێکە و لەسێدارەدان واتە زەوتکردنی مافی ژیان لە مرۆڤ، هیچ کەسێک بۆی نییە مرۆڤێکی دیکە لەژێر هەر پاساو و بیانوویەکدا لەم مافە سروشتییە بێبەش بکات. لە سێدارەدان نەک هەر دەرفەتی پێداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیاندا و قەرەبووکردنەوەی هەڵەکانیان لە تاکەکان دەستێنێ، بەڵکوو کۆمەڵگاکان لە ڕێکاری ئینسانی و کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان بێبەش دەکات. لە زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە سزای لەسێدارەدان نەک هەر ڕێگری لە تاوان ناکات، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا نادادپەروەری قەرەبوو نەکراوەی لێدەکەوێتەوە. لەمڕووەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک و لە هەر هەلومەرجێکدا، دژی سزای لە سێدارەدانە و بەردەوام بە دروشمی «نا بۆ سزای لە سێدارەدان» لەپێناو هەڵوەشاندنەوەیدا خەبات دەکات

****

# وتەیەک ە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان



ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی نوامبر بەرامبەر بە ٣٠ی خەزەڵوەر، "ڕۆژی جیهانی منداڵان" بوو. کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٥٩ جاڕنامەی جیهانی مافی منداڵانی پەسەند کرد و داوای لە دەوڵەتەکان کرد کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی منداڵان بەفەرمی بناسن. ڕۆژی جیهانی منداڵان لە کاتێکدایە کە ئەرتەشی جینایەتکاری ئیسرائیل لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا نزیکەی ١٢ هەزار منداڵی لە کەرتی غەززە کۆمەڵکوژ کردووە. جینایەتێکی ئاوا ترسناک لە مێژووی جیهاندا بەم قەبارەیە و لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا، کەم وێنەیە. ئەمە جینۆسایدێکی ئاشکرایە کە لە بەر چاوی جیهان و بە چاوپۆشی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕوودەدات. لە ڕاستیدا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە نەک هەر ڕێز لە مافەکانی منداڵان ناگیرێت و منداڵان لە سەرتاسەری جیهاندا دەچەوسێنەوە و بە شێوەیەکی وەحشیانە بەکاردەهێنرێن، بەڵکوو لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا گیانیشیان بووەتە ئامرازی تۆڵەسەندنەوەی کوێر کوێرانەی فاشیستی و ڕەگەزپەرستانە

هەروەها ڕۆژی جیهانی منداڵان لە بارودۆخێکدایە کە ڕژیمی ئیسلامی، قەتڵی زیاتر لە ٧٠ منداڵ و تازەلاوی خوار ١٨ ساڵ تەمەنی لە سەردەمی "شۆڕشی ژینا" و لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا، لە کارنامەی خۆیدا تۆمار دەکات. هەر لەو ماوەیەدا و لە هەوڵێکی جینایەتکارانەدا بەمەبەستی چاوترسێن کردنی تازەلاوان و کۆمەڵگا بەگشتی، بە گازی ژەهراوی هێرشیانکردە سەر سەدان قوتابخانەی کچانە لە سەرانسەری وڵات و هەزاران منداڵیان ژەهراوی کرد. ئەم جینایەتە ترسناکانە لە دۆخێکدا ڕوودەدەن کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چەندین ملیۆن منداڵی بنەماڵە کرێکار و کەم داهاتەکان لە خوێندن بێبەشن. منداڵان بە شێوازی جۆراوجۆر دەکەونە بەر ئەزیەت و ئازار و هەرئێستاش لە هەندێک لە قوتابخانەکاندا منداڵان سزای جەستەیی دەدرێن. زیندانەکانی ئەم ڕژیمە پڕن لە منداڵانی خوار ١٨ ساڵ تەمەن و ئێران تاکە وڵاتی جیهانە کە تیایدا منداڵانی ژێر ١٨ ساڵ تەمەن لە سێدارە دەدرێن. لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدار مێشکی منداڵان بە خوڕافات ئالوودە دەکەن. منداڵان بەپێی ڕەگەز لەیەکتر جیا دەکرێنەوە. ڕۆحی پیاوسالاری لە کوڕاندا و ملکەچبوون و گوێڕایەڵیش لە کچاندا بەهێز دەکەن. کچانی کەم تەمەن هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندنەوە دەبێت سەرپۆش بەسەردا بدەن و خۆیان لە کوڕانی هاوتەمەنیان جیابکەنەوە و فێری ئەوە دەکرێن کە یاریکردن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ کوڕان کارێکی خراپە. هاوکات لەگەڵ حیجاب و بێبەشکردنی کچان و کوڕان لە یاریکردن لەگەڵ یەکتر، ئامووزشی ئایینی دەست پێدەکات. کتێبەکانی خوێندن پڕن لەو جۆرە فێرکاریانە و منداڵان ناچارن لە تەمەنێکی کەمەوە نەریتە ئایینییەکان بەڕێوە ببەن و بەشداری لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بکەن. بەم شێوەیە ڕێگە نادەن کە منداڵان بەدەر لە باوەڕ و خوڕافاتی مەزهەبی، پەروەردە بکرێن و فێری زانست بن و ئیمکانی ئەوەیان هەبێت کە لە داهاتوودا بە هۆشیارییەوە بیروباوەڕ و شێوازی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. لە قوتابخانەکاندا مەراسیمی "تەکلیف" بۆ کچانی تەمەن ٩ ساڵان بەڕێوە دەبەن و هانی منداڵەکان دەدەن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن. ئاخوند و فەقێ و بەسیجی دەنێرن بۆ قوتابخانەکان بۆ ئەوەی ڕۆحی سیخوڕبوون لەناو منداڵاندا پەرەپێبدەن. لە قوتابخانەکاندا دەستە و گروپی سینەزەنی و مەراسیمی ئایینی و شتی لەم چەشنە وەڕێدەخەن

منداڵێکی کە لە کۆمەڵگایەکی گیرۆدەی خوڕافاتی ئایینی و دواکەوتوویی دا پەروەردە ببێت، ئیمکان و دەرفەتی سەردەمی منداڵیی و بە خۆشی ژیانی لێ زەوت دەبێ و دەکەوێتە ژێر کاریگەری بیر و باوەڕە دواکەوتووەکان و باری ڕۆحیی و میزاجیی ناهاوسەنگ دەبێت و دبێتە خاوەن ڕەفتار و کردارێکی نائاسایی و ئەنگیزەیەکی زۆر لاواز بۆ فێربوون. ئەم جۆرە منداڵانە بە شێوەیەکی سروشتی گەشە ناکەن، ئاواتە شیرینەکانی منداڵییان بەدی نایەت و کاریگەری و لێکەوتەکانی کەموکوڕی سەردەمی منداڵیی، تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیان دەبێت. خۆشگوزەرانی و ئەمنییەتی منداڵان پێوەرێکی سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر حکومەت و سیستەمێکی سیاسیی و حکومەتی ئیسلامیش لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە نامرۆڤانەترین سیاسەتی لە ئاست منداڵاندا بەکارهێناوە. ناردنی منداڵان بۆ مەیدانەکانی مین لە شەڕی ئێران و عێراق، بەکارهێنانی منداڵانی سەرباز لە شەڕدا، کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە ڕێوڕەسمە ماتەمینییەکاندا و خوێناویکردنی جەستەیان بە کارد و زنجیر و بەکارهێنانی منداڵانی بەسیجی بۆ سەرکوتکردنی خەڵک، هەمووی ئەمانە لە زومرەی تاوانە لەبیرنەکراوەکانی کۆماری ئیسلامین لەدژی منداڵان کە دەکەونە خانەی چەمکی تاوان لە دژی مرۆڤایەتییەوە

هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی ئەمن و دابینکردنی هەلومەرجێکی کە بوار بۆ منداڵان بڕەخسێنێت تا وزە و توانایی و لێهاتووییەکانیان تاقی بکەنەوە، هەوڵدان بۆ قەدەغەکردنی کاری منداڵان، کۆتایی هێنان بە سزای جەستەیی لەناو ماڵ و قوتابخانەکان، هەوڵدان بۆ دانانی دەورە و کلاسی جیددی بۆ سەرلەنوێ ڕاهێنانەوەی ئەو منداڵانەی کە تووشی هەڵە دەبن، کاری جددی لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بۆ منداڵان و تازەلاوان، مەنعی چەکدارکردنی منداڵان لەژێر ناوی بەسیجیدا، هەوڵی جددی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە مافەکانی منداڵان، پەرەپێدانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی دیفاع لە مافی منداڵان و کاری جددی بۆ ڕێگریکردن لە دەستێوەردانی مەزهەب لە پرسی پەروەردە و بارهێناندا، یەکێکە لە ئەرکە بێ پسانەوە و بەردەوامەکانی کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتنخوازەکان. ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێراندا دەگوزەرێت، چارەنووسی حەتمی و چارەهەڵنەگری منداڵان نییە. ئەم دۆخە دەتوانێت و دەبێ بگۆڕدرێت. بۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە و ڕزگارکردنی منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە لە چارەنووسێکی لەم چەشنە، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لە یەکگرتوویی و خەبات و تێکۆشان لەدژی ئەو دەسەڵات و پەیوەندیانەی کە منداڵانی ئێمەی بەمجۆرە بێبەزییانە لە مافە سەرەتایی و ئینسانەکانی خۆیان بێبەش کردووە

****

# چڕبوونەوەی ڕەوتی داڕمانی کۆماری ئیسلامی، پەرەسەندنی بزووتنەوە داواکارییە تەوەرەکان و ئەرکی چەپی شۆڕشگێڕ

## هەڵسەنگاندنی هاوبەشی هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر ) و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران



### یەکەم: سەرکەوتنی ترامپ لە ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر جیهان

ئەوەی کە دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەواڵێکی ناخۆشە. نەک هەر بۆ کرێکاران، ژنان، چالاکانی ژینگەپارێز، کۆچبەران و دەستکەوتە دێموکراتیکەکان لە ئەمریکا، بەڵکوو بۆ هەموو جیهان. ئەوەی کە لەم هەڵبژاردنەی ئەمریکادا ڕوویدا، لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا، سەرکەوتنی ڕاستترین باڵی سەرمایەداریی بوو، کە بە تەبلیغات و پڕوپاگەندەی شێوە فاشیستیی خۆی لە دژی چەپ، ژنان، باقی ئاراستە جنسییەکان، کۆچبەران و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، پاشەکشەی بە باڵی میانەڕەوی سەرمایەداریی کرد و سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا. هیچ وەهم و خۆشباوەڕییەک سەبارەت بە سەرۆککۆماریی کامالا هەریس لە ئارادا نەبوو، چونکە سەردەمی سەرۆککۆماریی جۆ بایدەن، بەتایبەت لە پێوەند لەگەڵ پاڵپشتیکردن لە جینۆسایدی ئیسرائیل لە فەلەستین و سیاسەتی بەربڵاترکردنی مەودای شەڕ لە ئوکراین و چاوپۆشی کردن لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا، دەریخستووە کە دێموکراتەکان لە باری شەڕخوازی و بەدواداچوون بۆ بەرژەوەندییە هەژموونییەکانی ئەمریکا، هیچیان لە باڵی ڕکابەر، واتە کۆماریخوازەکان کەمتر نییە. ئەگەری ئەوە هەیە کە سەرکەوتنی ترامپ، گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرە پێبدات. ترامپ بە ئاشکرا پشتیوانی لە دەوڵەتی توندڕەوی دەستی ڕاستیی نەتانیاهۆ دەکات و پێشتریش بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ ئورشەلیم و کشانەوە لە ڕێککەوتنی ژینگەیی پاریس، نیشانی داوە کە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ئەگەری هەیە چ سیاسەت گەلێک بگرێتەبەر. لە ئورووپا سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکاندا، بەو مانایەیە کە سیاسەتی بەرگریی یەکێتی ئورووپا بەخێراییەکی زیاتر بەرەو "خۆسەریی ستراتیژیک" هەنگاو دەنێت. پێدەچێت سیاسەتی "چەک و چۆڵ لەبری نان" لە چەند ساڵی داهاتوودا زۆر بەرچاو بێت. لە شەڕی ئۆکرایندا هەندێک لایەن هیوایان بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی خێراتر لە لایەن ترامپەوە بەستووە، بەڵام لێرەشدا بەسەختی دەتوانرێت چاوەڕوانی پێشکەوتنێکی بەرچاو بکرێت بە ئاراستەی ئاشتییەکی بەردەوام. هەڵبژاردنی ترامپ و بارودۆخی ئاڵۆزی جیهان، نیشان دەدات کە ئاشتی، خۆشبژێوی، مافی مرۆڤ و دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان کە ئاکامی چەندین ساڵ خەباتی کۆمەڵایەتین، لە مەترسیدان. ئەم واقیعییەتە بنیاتنانی بەدیلێکی پێشکەوتنخواز و ئاشتیخوازانە و کۆمەڵایەتی دژوارتر دەکات، بەڵام پرسی پابەندبوون پێی، تەنانەت هێندەی تر پێویست دەبێت.

ئێستا گرنگترین بابەت ئەوەیە کە ئایا ئیمکانی پێکهاتنی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ئاشتیی و بزووتنەوەیەکی بەهێزی کرێکاریی، بوونی هەیە یان نا؟. چونکە دەزانین سیاسەتەکانی ترامپ لە بەرژەوەندیی گەورە ملیاردێرەکانی وەک ئایلان ماسک و لە دژی چینی کرێکار دەبێ و لە ئاکامی درێژەی ئەم ڕەوتەدا دەردەکەوێت کە کێشەی ئابووری، بە گۆڕینی ڕووخسارەکانی دوو حیزبی سەرەکی دێموکرات و کۆماریخوازەکان چارەسەر نابێ، بەڵکوو چارەسەری واقیعی بریتییە لە گۆڕینی سیستەمی ئابووری سەرمایەداریی. ئەوەی کە لەم هەڵبژاردنەی ئەمریکادا ڕوویدا، لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆیدا، بریتی بوو لە سەرکەوتنی فاشیزم بەسەر ڕەوتە لیبراڵەکاندا. بەمجۆرە، لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٥ەوە، سەرلەنوێ ڕاستترین باڵەکانی دەسەڵاتداری ئەمریکا، هەموو جومگەکانی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن. زۆربەی دەنگدەرانی ئەمریکا لەوانە کرێکارانی ئەم وڵاتە، کە بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات ناڕازی و نائومێد ببوون، لە ڕاستیدا بە دەنگدان بە ترامپ، حیزبی دێموکراتیان سزا دا. هەرچەندە ڕەنگە دامەزراوە جێکەوتوو و سەقامگیرەکانی ئەو وڵاتە بتوانن تاڕادەیەک دەسەڵات و ڕۆڵی تێکدەرانەی ئەم ڕەوتە نیمچە فاشیستییە کەم بکەنەوە و لە چوار ساڵی داهاتووشدا بە ئەگەرێکی زۆر شاهیدی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتەکانی ترامپ بە تایبەتی لە لایەن ژنان، چالاکانی ژینگەپارێز، یەکێتییە کرێکارییەکان و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکاوە دەبین، بەڵام تا ئێرەش ئاشکرایە کە سیاسەتەکانی ترامپ لە جیهاندا، سەنگی سیاسەتمەدارانی وەک ویلادیمێر پوتین لە ڕووسیا، مودی لە هیندستان، نەتانیاهۆ لە ئیسرائیل، خاویار مێلئی لە ئارژنتین و جۆرجیۆ مێلۆنی لە ئیتاڵیا بەهێزتر دەکات و شەپۆلی فاشیزم لە جیهان پەرە پێدەدات. سەرکەوتنی ترامپ لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا، دەیان ملیارد دۆلاری بە سەرمایەی سەرمایەدارەکانی ئەمریکا زیاد کردووە. هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکا، کاریگەرییەکی سەرسوڕهێنەری لەسەر بازاڕی بۆرس داناوە و سەروەت و سامانێکی هەرچی زیاتری بۆ دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهان بەدیاری هێنا. ئەوەی کە ترامپ سەبارەت بە ناکۆکییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیسرائیل و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، چ سیاسەتێک دەگرێتەبەر، هێشتا بە وردی شیاوی پێشبینی کردن نییە. خامنەیی لە دەورەی پێشوودا هەوڵەکانی ترامپی بۆ سازشکردن ڕەتکردەوە. ناوبراو لە سەردەمی بایدەنیش دا سەبارەت بە ڕێککەوتنی سەرلەنوێی بەرجام، هەمان سیاسەتی درێژەپێدا و ئێستاش لەگەڵ خولی دووەمی سەرۆککۆماریی ترامپ بەرەوڕوو بووەتەوە. بە ئەگەرێکی زۆر، ئەمجارە بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی لاوازی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری گۆڕانکاری لە چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتداری ئێراندا، سیاسەتەکانی ترامپ ڕێک دووبارەبوونەوەی سادەی ئەو سیاسەتانە نابن کە لە ڕابردوودا گرتبوویەبەر. لەم سەردەمە نوێیەدا بارودۆخی ڕێژیم بە بەراورد لەگەڵ چوار ساڵ لەمەوبەر، بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر بووە، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئاوا بارودۆخێکدا، ڕوودانی گۆڕانکارییەکی دراماتیک لە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیدا، دوور لە چاوەڕوانی نییە. لەم پێوەندییەدا ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی کۆماری ئیسلامی، کە بە شێوەیەکی ساویلکانە هیوای خۆیان لەسەر سیاسەتەکانی ترامپ سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە، شکست و ناکامییەکی دیکەش لەم پێوەندییەدا ئەزموون دەکەن

### دووەم: ئاشکراکردن و ناوزڕاندنەکان، نیشانەی پەرەسەندنی ڕەوتی داڕمانی ڕێژیم

لە کاتێکدا کە بەدەسەڵات گەیشتنی ترامپ لە ئەمریکا، کۆماری ئیسلامیی خستۆتە دۆخێکی دژوارترەوە، هاتنە ئارای شەپۆلێکی نوێ لە ئاشکراکردن و ناوزڕاندن، ئاماژەیە بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی داڕمانی سیاسیی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا و هەوڵدان بەمەبەستی ڕێگە خۆشکردن بۆ جێنشینی و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ تەقینەوەی ئاخێزە جەماوەرییەکان. کۆی گشتی لەقاودانەکانی عەباس پالیزدار کە ماوەیەکی زۆر بەهۆی ناوزڕاندنەکانی ڕابردووی سەبارەت بە سەعید موتەزەوی، لە زینداندا بووە و ئێستا زمانی هاتۆتەگۆ، بەبێ پشتیوانی جیددی باڵەکانی ناو بازنەی دەسەڵات و بەتایبەتی دام و دەزگا ئەمنییەکان، مومکین نەدەبوو. کاتێک ناوبراو، سەعید مورتەزەوی، دادوەری خۆشەویستی ڕێبەر، بە ئاژەڵ و جینایەتکار ناو دەبات، ئەحمەدی نەژاد بە بێ دین و کەسێکی نفووزیی دەزانێت و سەرۆکەکانی دەسەڵاتی دادوەری ڕژیم کە لە لایەن خامنەییەوە هەڵبژێردراون، بە بەڵگەوە، بە گەندەڵ ناو دەبات و گەندەڵیی جێگیر، بە وشەیەکی نادروست دەزانێ و پێیوایە کە سەرتاپای ڕێژیم نوقمی گەندەڵییە، دەبێ مرۆڤ ئاگاداری ئەوە بێت کە ئەگەری گۆڕانکاری لە سەرەوەی دەسەڵاتدا لە ئارادایە. ناوبراو لەم وتووێژەدا قامک دەخاتە سەر پێگە و ڕۆڵی موجتەبا خامنەیی. ئەوان لە پرسی جێنشینی موجتەبا خامنەیی دا پێویستیان بە قۆناغێک لە چەسپاندنی هەژموونی و ئۆتۆریتەی ناوبراو هەیە و لەو ماوەیەشدا دەبێ هێزە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن بێکاریگەر بکەن، هەربۆیە لە ئێستاوە کۆمەڵێک دەنگۆ سەبارەت بە ئازادی حیجاب، ئازادی زیندانیانی سیاسیی و

درێژە لە لاپەڕەی ٥

درێژە ی لاپەڕەی ٤

ڕادەربڕین و ئازادی ڕاگەیاندن دێننە ئاراوە بۆ ئەوەی بتوانن ئۆپۆزسیۆنی "بەردەوام ئامادەی سازشکردن و دانوستان" تووشی وەهم و خۆشبینی بکەن. ئەم پێشهاتانە نیشانەی ئەوەن کە هەندێک جموجۆڵ و هەوڵی تایبەت لە لوتکەی دەسەڵاتدا لە ئارادایە. بە گوێرەی بەڵگەکان، دەسەڵاتداران گەیشتوونەتە ئەو ئاکامەی کە دەبێت ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە دوورخستنەوە یان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لەسەرەوە، لەخوارەوە بەر بەو بزووتنەوەیە بگرن. ڕەوتی دارمان و شەڕی مافیاکانی دەسەڵات چڕتر بووەتەوە و کۆمەڵێک ڕیزبەندی نوێ لە نێوان باڵە ڕکابەرەکاندا خەریکە پێک بێت

**سێیەم: ترس و تۆقاندن ئاکامی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە**

لە کاتێکدا کە کەمپەینی "سێ شەممەکانی نا بۆ لە سێدارەدان" لە زیاتر لە ٢٤ زیندانی ئێران لە لایەن بەندکراوانی ژنان و پیاوانی بوێر و خەباتکارەوە زیاتر لە ٤٠ هەفتەیە بەردەوامە، کۆماری ئیسلامی هەروا لەسەر سیاسەتی جینایەتکارانەی دەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدام بەردەوامە. نوێترین نموونە لەم بابەتەوە، بریتییە لە لەسێدارەدانی زیندانیی سیاسیی جەمشید شارمەهد، سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی زیندانیانی سیاسیی خەباتکار، کە بووەتە هۆی وروژاندنی ڕەخنە و نارەزایەتییەکی بەربڵاو لە دژی کۆماری ئیسلامی. لە بەرواری ٦ی خەزەڵوەرەوە تا ٢٠ی خەزەڵوەر لانیکەم ٩٠ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکان لەسێدارە دراون. ئامارەکان دەریدەخەن کە لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردووەوە تا مانگی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لانیکەم ٨١١ حاڵەتی لەسێدارەدان لە ئێران بەڕێوە چووە و بەم پێیەش کۆماری ئیسلامی لە ڕیزبەندی یەکەمی جیهاندایە. زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام، هاوکات لەگەڵ دروستکردنی قەیران لە ناوچەکەدا، لە ڕەمزی سەرەکیی سەقامگیری و مانەوەی کۆماری ئیسلامی بووە. لەو هەلومەرجەی ئێستادا، کە ڕژیم پشتی لەژێر گورزی قەیران گەلێکی لەڕادەبەدەر و خەبات و نارەزایەتییە بەربڵاوە جەماوەرییەکاندا چەماوەتەوە، بەمەبەستی زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگادا، زیاتر لە ڕابردوو پەنای بردووەتە بەر ئێعدام. ڕادەی پێویستی بەم ترس و تۆقاندنە لە هەر قۆناغێکدا، بە پێی پێویستیی ڕێژیم کەم و زیادی کردووە. لەم قۆناغەی ئێستادا کە ڕێژیم بە هۆی شکستی یەک لە دوای یەک لە سیاسەتە ناوچەییەکانی، لەسەروبەندی خواردنەوەی جامە ژەهرێکی دیکەدایە، پێویستییەکی زیاتری بە زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن هەیە لە کۆمەڵگادا. ڕێژیم بە زیادکردنی ئێعدامەکان و توندکردنەوەی سیاسەتی سەرکوت، هەوڵدەدات پاشەکشە لە سیاسەتە ناوچەییەکانی، لە ڕوانگەی جەماوەری خەڵک لەناوخۆی وڵاتدا، وەک خاڵێکی لاواز لێکنەدرێتەوە. لە سێدارەدانی بەردەوام و دڕندانە، بۆ ماوەی چەند دەیە، بۆ ڕژێم کەڵکی بووە. بەڵام ئێستا ئیتر کاریگەرییەکەی زۆر کەم بووەتەوە یان تەنانەت بە دژی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە. هاتنەمەیدانی بەربڵاوی کرێکاران، ژنان، لاوانی خوێندکار، چالاکانی ژینگەپارێز، دادخوازان، چالاکانی مافی مرۆڤ، تێکۆشەرانی داکۆکی لە مافی نەتەوەکان، کەمینە ئایینییەکان و هتد، لە دژی کۆماری ئیسلامی و سەرجەم ستەمکاران و چەوسێنەران، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە. بێ گومان لە سبەی ڕۆژی دوای ئەوەی کە کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە فەرمی ڕادەگەیەنرێت، نەک هەر بڕیاری زەوتکردنی مافی ژیان لە هیچ کەسێک و لەژێر هیچ پاساوێکدا قبوڵ ناکرێ، بەڵکوو بە فەرمانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی جەماوەریی و لە ڕێگەی دادگا پێوەندیدارەکانەوە، بەدواداچوون بۆ جینایەتی جینایەتکارە ورد و درشتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێت، بەڵام سزای لەسێدارەدان بۆ هیچ کەسێک دەرناکرێت

**چوارەم: پەرەسەندنی گوشار لەسەر میدیا و ڕۆژنامەنووسان لە سەردەمی پزیشکیاند**

ئەدای ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەوڵەت لە دەورەی سەرۆککۆماریی پزیشکیاندا، ئەوە دەردەخات کە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی میدیا و ڕۆژنامەنووسان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەوپەڕی توندوتیژییەوە هەروا درێژەی هەیە. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە لە سەردەمی سەرۆککۆماریی پزیشکیاندا ژمارەی دۆسیە قەزایی و ئەمنییەکان لە دژی میدیا و ڕۆژنامەنووسان تەنانەت زیادیشی کردووە. بەجۆرێک کە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی مەسعوود پزیشکیاندا، لانیکەم ٧٨ حاڵەتی ڕێوشوێنی ئەمنی و قەزایی لە دژی میدیا و ڕۆژنامەنووسان تۆمار کراوە. لەم ماوەیەدا لانیکەم دە ڕۆژنامەنووس زیندانی کراون. ئەم سەرکوتانە تەنیا پێوەندی بە ڕووداوە سیاسییەکانەوە نەبووە و لە هەندێک حاڵەتی وەک ڕاپۆرتەکانی پەیوەندیدار بە تەقینەوەی کارەساتباری کانگای خەڵوزی تەبەس، گەلێک ڕێوشوێنی توند و سەختگیرانە لە دژی میدیاکان و ڕۆژنامەنووسان گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگریی بکەن لە بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی دروست و سەربەخۆ سەبارەت بە ڕووداوەکە لە نێو خەڵکدا. لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەوڵەتی پزیشکیاندا دادگا ڕۆژنامەوانییەکان وەک هەمیشە بە شێوەیەکی داخراو و بەبێ ئامادەبوونی لێژنەی سوێندخواردوو بەڕێوەچوون. ئەم دادگایانە لە ٣٢ دۆسیەدا بڕیاری تاوانبارکردن یان سزای زیندانیان بۆ ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی بواری ڕاگەیاندن دەرکردووە. بەشێوەیەکی گشتی، حەوت ڕۆژنامەنووس سزای ١٣ ساڵ و ٣ مانگ و ١٦ ڕۆژ زیندانی و ٧٠ زەربە شەلاق و بڕی ٢٦ ملیۆن تمەن غەرامەیان بەسەردا سەپێندرا. بۆ نموونە، نیلوفەر حامیدی و ئیلاهە محەممەدی بە پێنج ساڵ زیندان، مەهتا سەدری بە غەرامەی هاوتای شەش مانگ زیندان و مستەفا حەمدی بە دە مانگ زیندانی و ٧٠ زەربە شەلاق مەحکووم کراون

**پێنجەم: درێژەی کوشتاری منداڵان لە غەززە**

هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر ناوچە نیشتەجێبووەکانی لوبنان و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع هەروا بەردەوامە. دەوڵەتی ئیسرائیل هەر هەوڵێک بۆ ئاگربەست لە بەرەی شەڕی لوبنان، تەنانەت لە چوارچێوەی پەسەندکردنی بڕیارنامەی ١٧٠١ی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی، لەگەڵ بنبەست بەرەوڕوو کردووەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەرتەشی ئیسرائیل بەوپەڕی دڕەندەییەوە، لەسەر کۆمەڵکوژی و جینۆساید لە کەرتی غەززە هەروا بەردەوامە. ڕۆژی هەینی ٨ی نوامبر بەرامبەر بە ١٨ی خەزەڵوەر، نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کارناسانی خۆی سەبارەت بە کۆمەڵکوژی منداڵان لە غەززەی لەلایەن ئیسرائیلەوە، بڵاوکردەوە. لەم ڕاپۆرتە هەژێنەرە ٣٢ لاپەڕەیەدا، کوشتارەکانی ئیسرائیل بە وردبینییەکی زۆر و لێک جیاکردنەوەی قوربانییەکان بەپێی تەمەن و ڕەگەز خراوەتەڕوو. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە ٧٠٪ی ئەو قوربانیانەی تا ئێستا ناویان تۆمارکراوە، لە ژنان و منداڵان پێک دێن. زۆربەی قوربانیانی کەرتی غەززە منداڵانی تەمەن پێنج بۆ نۆ ساڵ بوون. ئێجیت سونگای، سەرۆکی فەرمانگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی فەڵەستین ڕایگەیاندووە، بەهۆی ئەوەی کە ٨٠٪ی خەڵکی غەززە لەنێو بیناکانی نیشتەجێبووندا و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە بۆردومان کراون و نزیکەی دە هەزار کەسیش تا ئێستا لەژێر داروپەردوودا ماون، ژمارەی قوربانییەکان گەلێک زیاترە لەو ئامارانەی ئێستا. قەناس بەدەستەکانی ئیسرائیل هەر جوڵەیەک کە هەوڵی نزیکبوونەوە لە باڵەخانە وێرانبووەکان بدەن دەکەنە ئامانج. هەربۆیە ئیمکانی دەرهێنانی تەرمەکان یان ڕزگارکردنی بریندارەکان نییە. لە نێو منداڵە قوربانییەکاندا، ژمارەی کچەکان لە کوڕەکان زیاترە. ڕاپۆرتی نووسینگەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەراوردێکدا باس لەوە دەکات کە ئەرتەشی ئیسرائیل، لەم هێرشەی ئێستایدا بە بەراورد لەگەڵ شەڕەکانی دیکەی لە غەززە، منداڵانێکی زیاتری کردووەتە ئامانج. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، لەو شەڕەی ئێستادا، کۆمەڵکوژیی، تەنیا لە ڕێگەی بۆردومانی چڕ و تەقەی قەناس بەدەستەکان و تانک و هێزەکانی دیکەی ئەرتەشەوە بەڕێوە نەچووە، بەڵکوو دەوڵەتی ئیسرائیل بە سەپاندنی قات و قڕی و نەخۆشییەکانی سەرچاوەگرتوو لە وێرانبوونی ناوەندە دەرمانی و نەخۆشخانەکان و نەبوونی دەوا و دەرمانیش، کوشتارێکی بێبەزەییانەی بە تایبەتی لە نێو منداڵانی ساوا و کەسانی بەساڵاچوودا بەڕێوە بردووە. کوشتاری تازە لاوان و منداڵان و ژنان بەپێی پرەنسیپێکی فاشیستی و بەمەبەستی پاکتاوکردنی نەتەوەیی بەڕێوە دەچێت

**شەشەم: ئاهوو دەریایی، هێمای تورەیی، یاخیبوون و بوێریی ژنان لە ئێران**

ئاهوو دەریایی، کچە خوێندکارێکی زانکۆی زانست و توژینەوە، دوای ئەوەی لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتی زانکۆوە کەوتە بەر ئەزیەت و ئازار و جلەکانی دڕان، جلە دڕاوەکانی فڕێدا و تورەیی و یاخیبوونی خۆی و ژنانی ئێرانی بە جیهان نیشاندا. ئەو کردەوە بوێرانەی ئاهوو دەریایی، ئەکتێک بوو

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

درێژە ی لاپەڕەی ٥

لەڕووی توورەیی، یاخیبوون و هێمایەک بوو لە شەڕی ئیرادەیەکی کە ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێکی ئێراندا لە ئارادایە. ئەم ئەکتە بوێرانەیە وەک نموونەیەک، نیشانی دا کە ژنانی ئێران لە شەڕی ئیرادەکاندا سەرکەوتوون. یاخیبوونی ئاهوو دەریایی، کردەوەیەکی تاکەکەسی و بروسکەیەک نەبوو لە ئاسمانی بێ هەوردا. ئەم ئەکتە تەنیا لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینادا، شیاوی شرۆڤە کردن و لێ تێگەیشتنە، شۆڕشێکی کە بە دروشمی پڕ ناوەرۆکی "ژن، ژیان، ئازادی"، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، سیمای کۆمەڵگای ئێرانی بە تەواوی گۆڕیوە. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانە، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە سەرانسەری کۆمەڵگادا بەدیهێناوە. حیجابی ئیجباری کە هێمای ئیدئۆلۆژی ڕێژیمی ئیسلامی بوو، تووڕ هەڵدرا، گەشتی ئیرشادی ئیسلامی و تەرحە ڕسواکانی دیکەی ڕێژیم، لەبەرامبەر بوێریی و چاونەترسی ژنانی ئێراندا بوونە بڵقی سەرئاو. ژنان و کچان لە ئاستێکی جەماوەریی دا و بە پرچی پەرێشانەوە شەقام و ناوەندە گشتییەکانیان بەدەستەوە گرتووە، ئەو پیاوسالارییە گیانسەختەی کە خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژە لە نەریتەکانی کۆمەڵگای ئێراندا، لەلایەن بزاڤی خەباتکارانەی لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوە، تووشی ئاڵەنگاری بووە و جێگە و پێگەی ژنان لە کۆمەڵگادا لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بەرزتر بووەتەوە. ئەو ئەکتە بوێرانەی ئاهوو دەریایی وەک یەک نموونە، دەریخست کە دیواری ترس و تۆقاندن داڕماوە. ئەمڕۆ ئەم بوێریی و چاونەترسییە بە ڕوونی لە ورەی بەرزی زیندانیانی سیاسی و کردار و نارەزایەتییەکانیاندا، لە خەباتی بەردەوام و بێ پسانەوەی پەرستاران و لە خەبات و نارەزایەتی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کە لە زۆربەیاندا ژنان. پێشەنگن، بەرچاو دەکەوێت. نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە ئاهوو دەریایی، هێشتا لە بەندی حکوومەتی ئیسلامیدایە و نابێ ڕێگە بدرێت کە حکوومەتی ئیسلامی بە هیچ بیانوویەک ئەشکەنجە و زیندانی بکات یان لەناوی ببات

**حەوتەم: ڕێژیم لە نێوان بەرداشی بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکان**

لە هەلومەرجێکدا کە باندە مافیاییەکانی دەسەڵات، خەریکی نەخشە و پلاندانانن بۆ داهاتووی خۆیان، لە هەلومەرجێکدا کە ڕیفۆرمخوازان کار لەسەر سیناریۆکانی خۆیان دەکەن بۆ ڕزگارکردنی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لە هەلومەرجێکدا کە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی ناوخۆ و دەرەوە، لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگە و پێگەیەک لە سبەی ڕۆژی دوای داڕمانی ڕێژیمدان، بزووتنەوەی چینایەتی و ئازادیخوازیی، بەهێزەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە مێژە بووەتە گۆڕەپانی نەبەردی نێوان کرێکاران و ڕێژیم و خاوەنکاران و هەروەها مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ژنانی ئازادپۆش، دادخوازان، خوێندکاران و باقی بەشە پیشەیی و چین و توێژە نارەزایەتییەکانی دیکە لەدژی ڕێژیم. بۆ نموونە تەنیا لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا، شاهیدی بەڕێوەچوونی چەندین ئاکسیۆن و ویست و داخوازیی کرێکاران و خانەنشینان و هەروەها کاردانەوەکانی کۆماری ئیسلامی بووین لە بەرامبەر ئەو نارەزایەتیانەدا. هەرلەم هەفتەیەدا خەبات و نارەزایەتی و کۆڕ و کۆبوونەوەی پەرستاران هەروا بەردەوام بوو. پەرستارانی ژن و پیاو ڕۆژی ١٧ی خەزەڵوەر لە ورمێ، هەمەدان، یەزد، ئەردەکان، جەهرۆم، فەسا، ڕامهورمز، بافق، مەیبەد، قوم، ئەهواز، تەبەس و مەشهەد، جگە لە بەشی فریاکەوتن و خزمەتگوزارییە پێویستەکان، سەرجەم بەشەکانی دیکەی نەخۆشخانەکانیان داخست. پەرستارانی ناڕازی خوازیاری گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێرا بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخی بژێوی ژیانیان، لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی باجی پەرستاری، هەموارکردنەوەی ئاستی حەقدەستەکانیان لەسەر بنەمای ڕێژەی هەڵاوسان، بەتایبەتی مافی کارکردن، مافی نیشتەجێبوون، مافی هاتووچۆ، زیادکردنی حەقدەستی سەعاتەکانی ئیزافەکاریی بە پێی ڕێژەی هەڵاوسان، جێبەجێکردنی یاسای "ئیزافەکاریی ئیختیاری" بەبێ گوشارختنەسەر کارمەندان و دامەزراندنی هێزی کاری نوێ، لەسەر بنەمای ستانداردی جیهانی واتە "ڕێژەی پەرستار بۆ هەر تەختێک" بوون. پەرەسەندنی نارەزایەتیی پەرستاران و هەوڵدان بۆ سەرتاسەری کردنەوەی ئەم نارەزایەتیانە، دەریخات کە هەوڵەکانی دەوڵەت نەیتوانیوە ئەم توێژە زەحمەتکێشە ڕازی بکات. تەنانەت دەستگیرکردن و گوشارەکانیش نەیانتوانیوە چاوترسێنیان بکات. لە کەرتی پیشەسازیشدا، کرێکارانی فەرمی و نیمچە فەرمی و پەیمانی نەوت، بۆ ماوەی چەند هەفتە لەسەر یەک مانگرتن و نارەزایەتییان بەرێوە برد. ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەر، چواردەیەمین هەفتەی سێشەممە نارەزایەتییەکانی کرێکارانی نیمچە فەرمی و پەیمانی لە نارەزایەتی دژ بە بەڵێنییە درۆینەکانی خاوەنکاران و بەمەبەستی بەدواداچوونی ویست و داواکارییەکانیان، بەڕێوەچوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، سەرەڕای هەڕەشەکانی حەراسەت و بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی کار، ئەم کۆبوونەوانە لە پاڵاوگەکانی سێیەم، پێنجەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم، دەیەم و دوانزەهەمی کۆمەڵگەی پاڵاوگەکانی گازی پارسی باشوور، بەڕێوە چووە. داواکاری سەرەکی خانەنشینان لەو کۆبوونەوانەدا بریتی بوون لە ئازادیی تێکۆشەرانی سیاسی و کرێکاریی "شەریفە محەممەدی، وریشە موورادی، نەسیم سیمیاری و پەخشان عەزیزی. هەروەها لە دژی نایەکسانی یاسایی ژنان و پیاوان، گرانی، هەژاری و گەندەڵی، هەڵاوسان و بارودۆخی دژواری ژیانیان نارەزایەتییان دەربڕی. بەردەوامیی هەماهەنگ و هاوکاتی کرێکارانی فەرمی نەوت، ئەرکانی سالس، پەیمانی، بەشە جۆراوجۆرەکانی پەرستاری لە شارە جیاوازەکان و هەروەها خانەنشینانی کیشوەری و فەرهەنگی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، نیشانەی ئاستێکی بەرچاوە لە پەیوەندی و ڕێکخراوبوون. داواکاری مافی ڕێکخراوبوون، هەڵوەشاندنەوەی سزای قورسی زیندان، ئازادی زیندانیانی سیاسی و نارەزایەتی لە دژی گەندەڵی، دەریدەخات کە ئاراستەی نارەزایەتییە مەدەنییەکان بە خێراییەکی هەرچی زیاتر بەرەو بە سیاسیی بوونی داواکارییەکان، دەڕوات. دروشمە ورد و بیرلێکراوەکانی ئەو نارەزایەتیانە و گەڵاڵەکردنی داواکارییەکانیان، هەوڵە بەنرخ و جێی ستایشەکانیان بەمەبەستی لێکنزیکبوونەوە و پاڵپشتی بێ درێغیان لە یەکتر و ئیرادە و شێلگیرییان بۆ ڕێکخراوبوونی پیشەیی و سەربەخۆ، نیشان دەدات کە ئەم بزووتنەوە داواکاریی تەوەرە زۆر وشیارانە و بەپێی پلان بەرەوپێش هەنگاو دەنێت. یەکسانی مافی تەواوی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا و بە یاسایی کردنی ئەم مافە یەکسانە، جەختکردنەوە لەسەر ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی ڕادەربڕین و ڕێکخراوبوون، جەختکردنەوە لەسەر پەروەردە، بێهداشت و دەرمانی بێبەرامبەر، خواستی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر و هەمەلایەنە، هەڵوەشاندنەوەی شیرکەتە پەیمانی و پرۆژەییەکان و مافی بزووتنەوەی کرێکاریی بۆ هەبوونی ڕێکخرای پیشەیی سەربەخۆ و داڕشتنی یاسایەکی کار بەگوێرەی بەرژەوەندیی کرێکاران، لە زومرەی ویست و داواکارییەکانی ئەم خەبات و نارەزایەتیانەیە. لەخۆڕا نییە کە دەسەڵات بە هەموو توانایی خۆیەوە لە بەرامبەر ئەم خەباتە بەهێزە کرێکارییەدا وەستاوەتەوە و بیر لە ڕێگاکانی بەلاڕێدابردن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم خەباتانە دەکاتەوە. بزووتنەوە داواکاریی تەوەرەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا، بزووتنەوەیەکی چینایەتییە کە ترسی خستووەتە دڵی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست و کۆماریخوازەکانی بەرگریکاری نیزامی سەرمایەدارییەوە. ئەم واقیعییەتە، باشترین دەرفەتی مێژوویی بۆ هێزە چەپەکانی کۆمەڵگا ڕەخساندووە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هەموو ئەم بزاڤە نارەزایەتی و داواکاریی تەوەرانە، لە سەر بەستێنی کەش و هەوایەکی شەڕدا ڕوودەدەن کە ڕێژیم هەوڵدەدات بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی سەرکوت، کەڵکی لێوەربگرێت. بەڵام وا پێدەچێت کە گوتاری هەڕەشەئامێزی ڕژیم چیتر بایەخی نەماوە و خەڵک ڕێبازی خۆیان گرتووەتەبەر و بێ گوێدانە هەوڵەکانی دەسەڵات، لە پێناو خۆڕێکخستن و بەرەوپێشبردنی شۆڕشەکەیاندا تێدەکۆشن

**هەشتەم: ئەرکەکانی چەپی شۆڕشگێڕ، لە پێوەند لەگەڵ بزووتنەوەی داواکاریی تەوەر یارمەتیدان بە خۆڕێکخستنی مووچەخۆران و پەراوێزخراوەکان یان زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی وڵات، گرنگترین ئەرکی سەرشانی هێزە بەرپرسیارە کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانە.**

ئەگەرچی بزووتنەوەی لەخوارەوەی دژبە ستەمکاری و سەرمایە و حکوومەتە ئایینییە پشتیوانەکەی، هەنگاوی گەورە و درەوشاوەی هەڵگرتووە، بەڵام ئەرکی ئەو هێزانەی کە هەر لە ئەمڕۆوە لەپێناو شکڵ پێدان بە بەدیلی سۆسیالیستی دا خەبات دەکەن، لەو بارودۆخە چارەنووسسازەی ئێستادا، بریتییە لە یارمەتیدان بە چارەسەرکردنی کێشەی ڕێکخراوبوون و یەکگرتووکردنی هەرچی زیاتری ڕیزەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. لە هەمانکاتدا خۆڕێکخستنی لەخوارەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێش، هەنگاوێکی گەلێک گرنگە لە بنیاتنانی دامەزراوە ڕاستەقینەکانی دەسەڵاتی جەماوەریی. پێویستە ئەوەشمان لەبیر بێت کە خوڵقێنەرانی سەرەکی مێژووی ڕزگاری مرۆڤایەتی، بە بەشداریکردنی هەرچی ڕاستەوخۆتر لە شکڵ پێدان بە مافی دەسەڵاتدارێتی خۆیانە کە دەتوانن گۆڕانکارییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە هەڵاواردن و چەوسانەوە، بە کردەوە دەربهێنن

**بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێ شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەیئەتی ئیجرایی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)**

**پێنجشەممە ٢٤ی خەزەڵوەری ١٤٠٣/ ١٤ی نوامبری ٢٠٢٤**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**

@Komalamedia

@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

Tvkomala.com

**ماڵپەری هەواڵنێری پەیام**

Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**

Komalah.org

Cpiran.net

yadihawrean.com

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٦ - سەرماوەزی ١٤٠٣ - دسامبری ٢٠٢٤

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلینۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەیەم

**بەمجۆرە ئاگادارتان دەکەینەوە کە پلینۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزب، ڕۆژی شەممە ٢٣ی نۆڤامبری ٢٠٢٤ بەرامبەر به ٣ی سەرماوەزی ١٤٠٣ بەڕێوەچوو.**

ئەم پلینۆمە بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هاوڕێیان: فەرەیدون نازری، حەبیب سادقی، کاوە ئەلیاسی، شاهین خەلیلی، هیوا ئەمانی، پەروانە بوکاە، ئیبراهیم عەلیزادە، کەریم ئەمانی، سروە ناسری، فەرشید غەفارنەژاد، گوڵناز گوڵ محەممەدی، فوئاد سوڵتانی، ئەسعەد ڕۆستەمی، کامەران دەباغیان، شەهرام ئەمانەتی، ئەندامانی سەرەکی و هەروەها هاوڕێیان مینو درەخشان، ئەسرین ڕەحیمی و بەیان زەندی ئەندامانی جێگرەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوەچوو. هەروەها لەم پلینۆمەدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئەندامانی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبیش وەک چاودێر بەشدار بوون

بەرنامەی کاری پلینۆم بریتی بوون لە

ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی بە پلینۆم، تاوتوێکردنی قەرار و بڕیارنامەکان و دابەشکردنی ئەرک و کارە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

پلینۆمەکە بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم دەستپێکرد و لە درێژەدا، وێڕای جەختکردنەوەی سەرلەنوێ لەسەر هەڵسەنگاندنی سیاسی کۆنگرەی سێزدەیەمی حزب سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای جیهان و ئێران، دوایین پێشهاتەکانی دوای بەڕێوەچوونی کۆنگرەشی تاوتوێ کرد کە کۆدەنگی گشتی لەسەر ئەو بابەتە دەستەبەر بوو. لە پلینۆمەکەدا هەروەها جەخت لەسەر زەروورەتی لێکنزیکبوونەوەی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا کرایەوە و بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەو پرسە، هەیئەتێکی لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دیاریکرد. وردەکاری ئەو پرسە سیاسییانەی کە لە پلینۆمدا کەوتنە بەر باس، دواتر لە چوارچێوەی وتووێژ و بابەتی سیاسیدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبەوە بە ئاگاداری ڕای گشتی دەگات

لە بەرنامەی کاری تایبەت بە دابەشکردنی ئەرک و کارە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی، ئۆرگانەکانی کار و چالاکی حیزبی: کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان، کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، دەبیرخانەی حیزب، دەستەی سەرنووسەری گۆڤار وچاپەمەنی حیزب و هتد، دیاریکران. پلینۆم هەروەها هاوڕێیان: ئەسعەد ڕۆستەمی، سروە ناسری، فەرەیدون نازری، ئیبراهیم عەلیزادە و فەرشید غەفارنەژادی وەک ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی حیزب بەمەبەستی ئاراستەکردنی سەرجەم ئەرک و کارەکانی حیزب لە نێوان دوو پلینۆمدا، هەڵبژارد

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٤ی سەرماوەزی ١٤٠٣**
**٢٤ی نۆڤامبری ٢٠٢٤**

# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەپێناو نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان






بیست و پێنجی نۆڤامبر ڕۆژی جیهانی خەبات لە پێناو نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنانە. هاوکات ڕۆژی ڕێزلێنانە لە یادی سێ خوشکی خەباتکاری خەڵکی کۆماری دۆمینیکێن بە ناوەکانی "پاتریا"، "مینرۆوا"، " ماریاترێزا میرابڵ، کە ساڵی ١٩٦٠ لەلایەن ڕافائیل ترۆخیلۆ دیکتاتۆری نیزامیی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتەوە کرانە قوربانی. بەڵام ڕۆژی ٢٥ی نوامبر بە دوو هۆکاری بنەڕەتیی، وەک ڕۆژی جیهانی خەبات لەپێناو توندوتیژی دژی ژنان، تەنیا لە چوارچێوەی پرسێکی ناوچەیی و لە ئاستی وڵاتێکدا نەمایەوە و ڕەهەندێکی جیهانی و نێونەتەوەیی بەخۆیەوە گرت، کە بریتین لە، **یەکەم:** هاتنی بەربڵاوی ژنان بۆ ناو بازاڕەکانی کار و پەروەردە و چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکان، کە لە پێویستی سروشتی سەرمایە بۆ چەوساندنەوەی هێزی کاری هەرزان و بەربڵاوی ژنان بە مەبەستی کەڵەکەکردنی سەرمایە و قازانج پەرستییەکی بێبەزەییانەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڕێوەچوونی توندوتیژی جەستەیی، بەشێکە لەم چەوساندنەوە و بێبەزییە ئابوورییە. **دووەم:** بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و خەباتی ژنان لە هەموو بوارەکانی بنەماڵە و ناوەندەکانی کار و کۆمەڵگەدا توندوتیژی دژی ژنان برینێکی بەناسۆرە کە بە پشتیوانی پەیوەندییە چینایەتییە پیاوسالارییەکان و پاڵپشتی بێ دریغی ئایین، جەستەی نیوەی کۆمەڵگای پێ زامدار دەکرێت. بەپێی ئامارە بەردەستەکان، ڕۆژانە ٧٠٪ی ژنان لە سەر ئاستی جیهان، لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبنەوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی فەرمیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ساڵانە ٢٠٠ ملیۆن منداڵی کچی تەمەن پێنج بۆ ١٠ ساڵ "خەتەنە" یان بە واتایەکی تر کەم ئەندام دەکرێن و یەک ملیۆن ژنیش بەهۆی لەکەوتەکانییەوە گیانیان لەدەست دەدەن. ڕێژەی خۆکوشتن لە نێو ژناندا دوو هێندەی پیاوانە. لە هەر ١٢ چرکەدا ژنێک دەکەوێتەبەر توندوتیژی یان دەستدرێژیی دەکرێتە سەر. ملیۆنان کچی لاو لە سەرتاسەری جیهان، بەبێ ئەوەی مافی هەڵبژاردنیان هەبێت، ناچار بە هاوسەریی دەکرێن. ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن ژن لە سەرانسەری جیهاندا، ناچار بە لەشفرۆشی دەکرێن و بیست هەزار ژن بە بیانووی شەرەف دەبنە قوربانی

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، یەکەم هەنگاوەکانی ستەم و سەرکوت، هەرلە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەوە لەدژی ژنان هەڵگیرا و پایە سەرەکییەکانی ستەمکاریی ئایینی و پیاوسالاریی، لەسەر جەستەی ژنان بنیات نرا. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٦ ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵیداوە کە بە پشت بەستن بە بیروباوەڕی ئایینی و داب و نەریتە ڕزیوە گیانسەختەکان، ژنان لە بەرامبەر یاساکانی سەرچاوەگرتوو لە ئایین و ستەم و سەرکوتدا بەچۆکدا بێنێ و بیانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو ژێردەستەییەی خۆیان وەک چارەنووسێکی چارەهەڵنەگر قبووڵ بکەن. ئەم دەسەڵاتە وەک یەکێک لە دژە ژنترین ڕژێمەکان، هەموو ئامرازەکانی ئایینی، یاسایی، پۆلیسی، زیندان و ئەشکەنجەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ژنان هەروا بە ژێردەستەیی بهێڵێتەوە و بەمجۆرە تەواوی کۆمەڵگا وەک دیلی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتەکەی، ڕابگرێت. ژنانی ئێران لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەدا، هاوشانی چینی کرێکار، زۆرترین ستەم و سەرکوت و نەهامەتییان بە دەست ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە چەشتووە. بەڵام خەبات و خۆڕاگرییەکی کە ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، کە هەر لە ١٧ی ڕەشمەی ٥٧، ڕۆژی جیهانی ژنەوە دەستیان پێکرد و لە شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی"دا گەیشتە لوتکە، هەروا بەردەوامە.

ژنانیئێرانلەمخەباتەبێوچانەدا بەوپەڕی فیداکارییەوە و بە شێوەیەکی بابەتیانە و بەکردەوە، ئازادیی پۆشینی جلوبەرگیان بەدەستهێناوە. کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی داماویی و سەرلێشێواوییەوە هەوڵ دەدات شکستەکانی خۆی لەم بوارەدا بشارێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانە بێ ئاکام بوون و جیهان ڕۆژانە لە لاپەڕەکانی سۆشیال میدیاوە، شکستەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی لەم بوارەدا دەبینێت

ژنانی خەباتکار و شۆڕشگێڕ و ژنانی کرێکار و ستەمدیتوو، هەرگیز تەسلیمی ئەو چارەنووسە نەبوون کە ڕێژیمی ئیسلامی بۆی دیاریکردبوون. هەر هەوڵێکی سەرکوتگەرانە و بێڕێزیکردنی ڕێژیم بەرامبەر بە ژنان، ئاگری ڕق و توڕەیی ئەوانی بڵێسەدارتر کرد. لە هەر شوێنێک خەبات و نارەزایەتییەک لە ئارادا بووبێت، ژنان ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕاوە. ئەمرۆ لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، ئەم ڕۆڵە جێگە و پێگەی یەکەمی بەدەستهێناوە. لە ماوە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا، خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی یەکسان و ئینسانیی بۆ ژنان، بەردەوام یەکێک بووە لە مەیدانە سەرەکییەکانی خەباتی چینایەتی دژ بە سەرمایەداری و ستەم و سەرەڕۆیی ئایینی. پرسی ڕزگارکردنی ژنان لە کۆت و بەندەکانی پیاوسالاری و کۆیلایەتیی یاسا و ڕێسا ئایینییەکان، پرسێکی جیا نییە لە خەباتی چینی کرێکار لەپێناو ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداریی. بە ئاگاداربوون لەم ڕاستییە و ناسینی میکانیزمەکانی ستەم و چەوساندنەوەی ژنان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە کە دەتوانرێت خەبات و تێکۆشانی کاریگەر لە دژی ئەم نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە بە ئاکام بگات. ئەم پرسە لە سەردەمی ئەو شۆڕشە شکۆدارەی کە ناوی ژینا بۆتە ڕەمز و هێمای، لە هەموو کاتێک پێویست ترە. دەستەبەرکردنی یەکسانی ژنان و پیاوان، تەنیا پرسی ژنان نییە، بەڵکوو ئەرکی ئینسانیی سەرجەم ئەو ژن و پیاوە ئازادیخواز و خەباتگێڕانەیە کە لەپێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە کۆت و بەندی ستەم و خەفەقان و چەوساندنەوەدا، خەبات دەکەن

**نەمان بۆ توندوتیژی لەدژی ژنان**
**بژی ئازادی و بەرابەری**
**بژی سۆسیالیزم**
**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٢ی نوامبری ٢٠٢٤**
**٣ی سەرماوەزی ١٤٠٣**

* * * *

# ترس لە شۆڕشی لەشکری برسییەکان، خەوی لە چاوی بەرپرسانی ڕژیم زڕاندووە



ن: کەریم ئەمانی

ڕۆژنامەی حکوومەتیی "جمهوری ئیسلامی"، ڕۆژی پێنجی سەرماوەز، لە هۆشدارییەکدا ڕوو لە بەرپرسانی حکوومەت لەژێر ناوی "لە شۆڕشی لەشکری برسییەکان بترسن"، نووسی: " قەیرانی ئابووری ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت، هەژارەکان هەژارتر دەبن، دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر و زەلکاوی ئەشرافییەتێکی کەموێنەی کە خەریکە کۆمەڵگا لەخۆیدا نوقم بکات، بەردەوام پەرە دەستێنێت." لە درێژەی ئەم بابەتە دا هاتووە، "ئەوەی کە ئازاربەخشە و بێگومان لێکەوتەی خراپی دەبێ، ئەوەیە کە ئەم ژیانە ئەشرافی و پڕ زەرق و بەرقە، لەپێش چاوی ئەو خەڵکە هەژارەدایە کە تەنانەت توانایی دابینکردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان نییە". ئەو بابەتە، لە کۆتاییدا هۆشداری دەدات کە "بچووکترین لێکەوتەی کۆمەڵگایەکی ئاوا لێوانلێو لە هەڵاواردن و جیاوازی چینایەتی، بریتییە لە دروستبوونی نارەزایەتی گشتیی"، کە ئاکامی ئەم نارەزایەتیانەش، دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی نەفرەت و بێزاریی لەناو چین و توێژە هەژارەکاندا و ئەم نەفرەت و بێزارییە پەنگخواردووەش، سەرەنجام دەبێتە گڕکان و لەشکری بێبەشان و برسییەکان لە دژی خوڵقێنەران و سەبەبکارانی ئەم نادادپەروەرییە دەخرۆشێنێت، کە ناوی شتێک نییە جگە لە شۆڕشی لەشکری برسییەکان. لە ئاوا شۆڕشێک ناترسن؟"

لەڕاستیدا ئەوە تەنیا ڕۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" نییە کە بەمشێوەیە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی برسی و تاڵانکراو دەترسێت. بەڵکوو لەم ڕۆژانەدا هەر کام لە بەرپرسان و کاربەدەستانی ورد و درشتی ڕێژیم و میدیاکان کاتێک دێنە قسە، یان قەڵەم بەسەر کاغەزدا دەهێنن، بەمشێوە دەدوێن. بۆ نموونە ڕۆژنامەی حکوومەتیی ئیعتمادیش لە وتارێکدا بەناونیشانی "لێواری هەڵدێر" ئاماژەی بە دوارۆژی کارەساتباری ئابووریی کردووە و نووسیویەتی: "هەموو جۆرەکانی ناهاوسەنگیی، تا دێت زیاتر پەرە دەستێنن و لێکەوتەکانی ڕوونتر خۆیان نیشان دەدەن. کاتێک سەرۆک کۆمار پزیشکیان دەڵێت، لە بەشێک لەم ناهاوسەنگیانەدا، لەسەر لێواری هەڵدێرین، ئیتر هەر ئێرانییەک مافی خۆیەتی کە بترسێ و نیگەران بێت". ئاژانسی هەواڵی حکوومەتیی ئیلناش وێڕای ئاماژە بەوەی کە گرانی و هەڵاوسان سەرجەم بەشە ئابوورییەکانی گرتووەتەوە، نووسی: هەزینەی گاز، کارەبا، گۆشت و هێلکە و نرخی دۆلار، زێڕ، سکە و ئۆتۆمبێل و خانووبەرە، لە چەند مانگی یەکەمی دەوڵەتی پزیشکیاندا بە خێراییەکی ئێجگار زۆر بەرز بۆتەوە. ئیلنا، لە درێژەدا وێڕای ئاماژە بە دانپێدانانی پزیشکیان کە دەڵێت دەوڵەتەکەی لە لێواری هەڵدێردایە، دەڵێت: "ئایا حکوومەت بۆ دەربازکردنی خۆی لەو هەڵدێر و ئاستەنگانە، جگە لە دەستدرێژی بۆسەر سفرەی بەتاڵی بژێوی خەڵک، هیچ ڕێگایەکی تری نەدۆزیوەتەوە؟". پێدەچێت کە شەخسی خامەنەییش، هەستی بەم دۆخە مەترسیدارە و ئەگەری "شۆڕشی لەشکری برسییەکان" کردبێت، هەربۆیە ڕۆژی دووشەممە پێنجی سەرماوەز لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە بەرپرسانی هێزی سەرکوتگەری بەسیج، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بەهێزتربوونی هەرچی زیاتری بەسیج، وتی کە ئەرکی بەسیج بریتییە لە "بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە ئاژاوە و پشێوییەک لە وڵاتدا" ڕژیم لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتداریێتی کۆنەپەرستانەی خۆیدا بەردەوام لەگەڵ نەفرەت و بێزاری کۆمەڵانی خەڵک و شەپۆلی بەرینی نارەزایی لە وڵاتدا بەرەڕوو بووە. لەم ساڵانەدا قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی، گەندەڵی سیستماتیکی دەوڵەتی، هەڵاواردن و بێ مافی بەربڵاو، هەژاری و بێکاری و هتد... ئاستی توڕەیی و نارەزایەتی گشتیی هەرچی زیاتر پەرەپێداوە و بووەتە هۆی شکڵگرتنی خۆپیشاندان و نارەزایەتیی بەرینی سەرتاسەریی. ئەم نارەزایەتیانە نیشانەی گشتگیربوون و بەهێزتربوونی شەپۆلی هاودەنگیی سەرتاسەری نێوان چین و توێژە کرێکارییەکان، خانەنشینان، خوێندکاران، ژنان و سنفەکانی دیکەیە لەم ساڵانەی ڕابردوودا. حکوومەتی گەندەڵ و تاڵانچی ئیسلامیی بۆتە کانگای بەرهەمهێنانی گەندەڵی و گەندەڵکار. گەندەڵی لە هەموو دام و دەزگاکانی کۆماری ئیسلامیدا گەیشتووەتە لوتکە و بووەتە هۆی هەژاریی و پەرەسەندنی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە دەستی سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانی لە ڕانتخۆری و قۆرخکاریی لە هەموو جۆرە کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکدا ئاواڵە کردووە و لە لایەکی دیکەشەوە هەر چەشنە نارەزایەتییەک، بە دەستڕێژی گوللە و سەرکوت و زیندان و ئیعدام وەڵام دەداتەوە. بەرپرسانی ڕژیمی ئیسلامیی سەرمایە، لەوپەڕی گەندەڵی و بێ ئەخلاقیدا، لە ڕێگەی گرانکردنی نرخی ڕۆژانەی پێداویستییەکانی خەڵک و دەستدرێژی بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا، قەرەبووی ئەو دزی و تاڵان و بڕۆیە دەکەنەوە. کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستەی ئینسان، بۆ بەرگریی لە ئازادی و کەرامەتی ئینسانیی خۆیان و هەروەها بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەم دزی و تاڵان و بڕۆیە و کورتکردنەوەی دەستی ئەم تاقمە دز و تاڵانچیە لەسەر ژیانی خۆیان، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە ڕووخاندن و لەگۆڕنانی ئەم ڕژیمە. چونکە هەر ساتێک لە درێژبوونەوەی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارە، واتە برسێتی و نەهامەتی و وێرانکاری هەرچی زیاتر بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و نیگەرانی ڕۆژنامەی حکوومەتیی "جمهوری اسلامی" و بەرپرسە ورد و درشتەکانی ڕێژیم، لە هەستکردن بەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت!

****

# خەباتی ژنان بەردەوامە

شۆڕشی ژینا بە دروشمی: "ژن، ژیان، ئازادی" کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری لەسەر باشتربوونی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگای ئێران داناوە. ئەم بزووتنەوەیە، کە بە پێشەنگایەتی ژنان و کچانی گەنج دەستی پێکرد، تا ڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی بە نەریتی پیاوسالاری ناو بنەماڵە کرد و پێگەی ژنانی لە بنەماڵەدا بەرزکردووەتەوە، بەجۆرێک کە ئێستا ژنان ڕۆڵێکی بەرچاوتریان لە بریار و کاروباری ناو ماڵ و بنەماڵەدا هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ناو بنەماڵەکان بوون بە پاڵپشتی ویست و داواکارییەکانی ژنان و پشتیوانی لەو ژنانە دەکەن کە لەدژی حیجابی ئیجباری و لەپێناو مافی پۆشینی جلوبەرگی ئازاد دا خەبات دەکەن. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانە، وەرەی خەباتکارانەی ژنانی بوێری لە ئاست سیاسەتمەدارە دژە ژنەکانی ڕێژیم، مەئموورانی گەشتی ئیرشاد، مەئموورانی کۆنترۆڵی حیجاب و باقی هێزە بەکرێگیراوەکانی دیکە بەرز کردووەتەوە. هەرئێستا زۆرێک لە ژنان، بەبێ حیجابی ئیجباری لە ناو شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەون. وەک ئەوەی کە پرچی پەرێشانی ژنان و کچانی گەنج، بوویێتە هێمای ئازادی کۆمەڵگای ئێران. ڕێژیمی ئیسلامی بە هەموو هێزی سەرکوت و کەڵک وەرگرتن لە مەئمووران و دەسەڵاتی قەزایی، چووەتە شەڕی ژنانی تێکۆشەر و ئازادپۆش. توندترین و نامرۆڤانەترین جۆری سەرکوتکردنی ڕێژیم بریتییە لە دەرکردنی حوکمی لەسێدارەدان بۆ ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بوونەتە هێمای خەبات لەدژی چەوساندنەوە و دەستەبەرکردنی یەکسانی و لەوانە خەبات لەدژی سزای لەسێدارەدان خاوەن پێشینەترین زیندانیی ژن کە سەرەتا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و دواتر گۆڕا بۆ زیندانی هەتاهەتایی، بریتییە لە زەینەب جەلالیان. ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٨ەوە لە زینداندا بەسەردەبات، بە هۆی ئاشکراکردن و لەقاودانەکانی دژبە پاسەوانانی زیندان و دادوەرە بەکرێگیراوەکان، بووەتە هێمای خۆڕاگریی لە بەرامبەر جەللادان و زیندانوانەکانی ڕێژیمدا. ناوبراو کە نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەر هەیە، بۆ ئەوەی ئیزنی پێبدەن لە دەرەوەی زیندان چارەسەر بکرێت، داوای نووسینی تۆبەنامەی لێدەکەن، بەڵام ئەو، وەک هەمیشە ئەم پێشنیارە ڕسوایەی ڕەتکردووەتەوە. یەکێکی تر لە ژنە خەباتکارەکان و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی، شەریفە محەممەدییە. ناوبراو کە دە ساڵ لەمەوبەر ئەندامی "کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان" بووە، بە پەروەندەسازی و تۆمەتی بێ بنەمای بەشداریکردن لە خەباتی چەکداریدا، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. شەریفە، سەرەتای دەستبەسەرکرانی، لەگەڵ ئەم تۆمەتە بەرەوڕوو نەبۆوە. بەڵام کاتێک بوێرانە لە بەرامبەر جەلادان و ئەشکەنجەی دڕندانەی ئەشکەنجەگەراندا خۆڕاگریی کرد، تۆمەتی درۆیان بۆ هەڵبەست. ئەم بڕیارە دژە مرۆڤایەتییە، شەپۆلێکی نارەزایەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لێکەوتەوە. کۆمەڵێک گروپ و ناوەندی پشتیوانی لەم هەڵسووڕاوە کرێکارییە ئازادیخوازە پێکهاتن و چەندین کەمپەین لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەمەبەستی ئازادکردنی پێکهێنرا. سەرەنجام تێکۆشەرانی ئەو کەمپەینە بەربڵاوانە لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان، توانیان کەشێک بخوڵقێنن کە دادگای باڵای ڕێژیم ناچار بکەن حوکمی لەسێدارەدانی شەریفە هەڵبوەشێنێتەوە

یەکێکی دیکە لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی ژن، کە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، پەخشان عەزیزییە. ئەو کە لە بواری فریاگوزاری دا خوێندویەتی، لە کاتی هێرشەکانی داعش، زۆر زوو بە هانای خەڵکی کوردستانی سوریا یان ڕۆژئاواوە چوو. ناوبراو هەموو لێهاتوویی و تواناکانی خۆی لەپێناو خزمەت بە قوربانیانی وەحشیگەرییەکانی داعشدا بەکارهێنا و دوای شکستهێنانی ئەو هێزە ئیسلامییە هەوسارپچڕاوە لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیکەوە، گەڕایەوە بۆ ئێران و کەوتە داوی هێزەکانی ئیتلاعاتەوە. ئەویش بەهۆی ڕاوەستاویی و خۆڕاگرییەکی بوێرانە لە بەرامبەر ئەشکەنجەی جەلادەکاندا، بەپێی پەروەندەیەکی ساختە ڕەوانەی دادگا کرا. پەخشان عەزیزی پاش نزیکەی ساڵێک ئەشکەنجە و ئازار، ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠٣، لە لقی ٢٦ی دادگای ئینقلابی تاران، بە تۆمەتی خەباتی چەکدارانە لە دژی حکوومەتی ئیسلامی، حوکمی ئیعدام و چوار ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا. سێیەمین ژنی هەڵسووڕاوی سیاسیی کە لەگەڵ سزای نامرۆڤانەی لەسێدارەدان بەرەوڕوو بووەتەوە، وریشەی مورادییە. ناوبراو دوای دەستبەسەربوونی، لەگەڵ گەلێک ئەشکەنجە و ئازاری نامرۆڤانە بەرەوڕوو بووەوە. بەڵام جەلادان و ئەشکەنجەگەران نەیانتوانی وورەی بشکێنن. ئەو لە زیندانیشدا، وەک هەڵسوڕاوێکی دژبە سزای لەسێدارەدان، بە نووسینی نامە و ناردنی پەیام و مانگرتن لە خواردن، پشتگیری لە سێشەممەکانی نا بۆ سزای لەسێدارەدان کردووە. ئەمانە و گەلێک نموونەی تر، نیشان دەدات کە تۆڵەسەندنەوەی ڕێژیم لە ژنانی تێکۆشەر، بە دەرکردنی حوکمی ئیعدام و زیندانیکردن، نەک هەر چاوترسێنی نەکردوون بەڵکوو وورەی خەباتکارانەی ئەوانی بۆ خەبات لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا، بەهێزتر کردووە

****

## مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئارامی دەروونیی کۆمەڵگا تێکدەدات

وتەبێژی دەزگای قەزایی ئێران ڕایگەیاند کە لەمساڵدا ٧٠٠ هەزار پەروەندەی شەڕ و تێکهەڵچوون لە ئاستی ئێراندا تۆمار کراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم ئامارە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو پتر لە ٤٠٪ زیادی کردووە. لە هەمان کاتدا خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەم ئامارە ساڵ بە ساڵ بەرزتر دەبێتەوە. کەمبوونەوەی ئاستی تەحەمول و لێبوردەیی خەڵک بەرامبەر بە یەکتر، یەکێکە لەو پرسە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. ناوەندی ئاماری گالوپ، ئێران، عێراق و سوودانی باشووری وەک تووڕەترین وڵاتانی جیهان دەستنیشان کردووە. بە پێی ڕاپۆرتی ئەم ناوەندە، ٥٠ لەسەدی دانیشتوانی ئێران تووڕەن. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، هەڵگری هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی تووڕە، نیگەران، شێواو و قەیرانیی، لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و ژینگەییەکاندایە. ئەم ڕێژیمە ڕادەی تەحەمول و لێبوردەیی خەڵکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، تا ئاستی تەقینەوە بردووە. خۆڵبارین و لافاو و بوومەلەرزە، نەخۆشیەکانی وەک کۆرۆنا و گرانی و بێکاریی تاقەت پروکێن، هەڵاواردن و توندوتیژی بەرامبەر بە کۆڵبەران و سوختبەران، هەڵاواردنی سیستماتیک بەرامبەر بە کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، گەندەڵی ئیداری، حیجابی ئیجباری و هەڵسوکەوتی لات و چەقۆکێشە ئیسلامییەکان لەم پێوەندییەدا، تەنیا چەند نموونەیەکن لەو هۆکار و فاکتەرە بەرچاوانەی کە ئەمنییەتی دەروونی و تەندروستی خەڵکیان لەگەڵ مەترسییەکی جددی بەرەوڕوو کردووەتەوە. کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییە جدیەکانی وەک گیرۆدەبوونی ملیۆنان کەس بە مادده هۆشبەرەکان، توندوتیژییە فرەچەشن و بەردەوامەکانی حکوومەت، هەڕەشەی بەردەوامی دام و دەزگا ئەمنییەکان لەسەر خەڵک، زیادبوونی ٢٠ هێندەی ژمارەی زیندانییە ئاساییەکان، پەرەسەندنی تەڵاق و زیادبوونی لەشفرۆشی ئیسلامی لەژێر ناوی سیغە، دزی و تاڵان و بڕۆی بەرپرسانی ڕێژیم، نائەمنی ڕێگاوبانەکان، نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی و پەرەسەندنی بەرچاوی منداڵانی کار و بێ سەرپەرشت، بێ سەرپەنایی و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونی پێویست و سەرەنجام، بێهیوایی زۆرێک لە بەشەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە باشتربوونی بارودۆخی ئێستا، هەموویان لە زومرەی ئەو هۆکار و فاکتەری هەڵچوون و تووڕەییانەن لە کۆمەڵگادا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی کارناسانەی کە لەناوخۆی وڵاتدا ئەنجام دراوە، "بەهۆی پەرەسەندنی هەژاری و هەڵاواردن و نایەکسانی، زۆربەی خەڵک بە ناچاری، هەموو وزە و تاقەتی خۆیان تەنیا لە پێناو دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیاندا بەکار دەهێنن و چیتر دەرفەتی ئەوەیان بۆ نامێنێتەوە کە گرنگی بە پێداویستییەکانی کەسانی تر و کاروبارە پێویستە کۆمەڵایەتییەکان بدەن بەمەبەستی بەردەوامیی ژیانی کاریگەرانەی کۆمەڵگاکەیان. بەم شێوەیە فۆرمێک لە تاکگەرایی دروست دەبێت کە ئاکامەکەی دەبێتە کەمبوونەوەی متمانە لە نێوان خەڵک و هەروەها لە نێوان خەڵک و ڕژێمی دەسەڵاتداردا. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ بوونی بێسەرەوبەرەیی و بێنەزمییەکی کۆمەڵایەتی بەربڵاو. ئاشکرایە کە لە ئاوا دۆخێکدا، توندوتیژی لە نێو دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایەدا پەرە دەستێنێ و لەگەڵ پەرەسەندنیشی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، هەرچی زیاتر شاهیدی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە لەلایەن ئەو کەسانەوە دەبین کە پێشتر کەمتر چاوەڕوانییان لێدەکرا. دەتوانین لەسێدارەدان وەک یەکێک لە دیارترین نموونەکانی هۆکاری پەرەسەندنی توندوتیژی، تووڕەیی و نائارامی دەروونی لە کۆمەڵگای ئێراندا ناو ببەین. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان ژمارەی ئێعدامەکان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، دوو هێندە زیادی کردووە و ئێران لەم بابەتەوە لە ڕیزبەندی یەکەمی هەموو وڵاتانی جیهاندایە لە سێدارەدان بە گشتی و لە سێدارەدان لەپێش چاوی خەڵک، کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە دەچێت، نموونەیەکە لە ڕەواج و پەرەپێدانی توندوتیژییەکی وشیارانە لە کۆمەڵگادا. لە سێدارەدان خۆی لەخۆیدا، هەستی تۆڵەسەندنەوە و دەروونناسی توندوتیژی، بەهێز دەکات. کاتێک کوشتن لە بەرامبەر کوشتندا لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێگە پێدراو بێت، چۆن کەسانی تر هان نەدرێن بۆ ئەوەی بە دەستی خۆیان ئەم بەناو دادپەروەرییە بەڕێوەببەن؟ لەکاتێکدا کە جێبەجێکردنی ئەم سزایە، نەک هەر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانەکان نییە، بەڵکوو کاتێک دەوڵەتەکان بەشێوەیەکی یاسایی، لەژێر ناوی سزای لەسێدارەدان، خەڵک دەکوژن، لەڕاستیدا بە کەمکردنەوەی بەهای پاراستنی گیانی مرۆڤ، ڕێگە بۆ دووبارەبوونەوەی لە کۆمەڵگادا خۆش دەکات. ئەو پاساوانەی کە لەم پێوەندییەدا بۆ سزای لەسێدارەدان دەهێنرێتەوە، هیچی تر نییە جگە لە درۆیەکی ئاشکرا، چونکە، یەکەم ئەوەی کە هیچ مرۆڤێک بەشێوەیەکی سروشتی توندوتیژ لەدایک نابێت، بەڵکوو لە هەڵسەنگاندن و شیکاری کۆتاییدا، ئەوە بارودۆخی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە بەرەو توندوتیژییان دەبات و دەوڵەت و چینە دەسەڵاتدارەکان ڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە ئاست سەپاندنی ئەم هەلومەرجە ماددییە بەسەر ژیانی زۆرینەی خەڵکدا. مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەڕەشەیەکی بنەڕەتییە بۆ سەر ئەمنییەتی دەروونی و تەندروستیی خەڵک. بۆ ئەوەی کە بگەین بە کۆمەڵگایەکی کە تیایدا توندوتیژی کەمتر بێت و شادی و ڕەزامەندییەکی زیاتر بوونی هەبێت، هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لە ڕزگاربوون لە دەست حکوومەتی ئیسلامی. هەر ڕۆژێک کە ئەم حکوومەتە زیاتر لەدەسەڵاتدا بێت، هیچ مانایەکی تری نییە جگە لە پەرەسەندنی تووڕەیی گشتی و توندوتیژی و خوێنڕشتن و نەخۆشخستنی زیاتری دانیشتوانی کۆمەڵگا

****

## شۆڕش نیگەرانیی هاوبەشی، سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی

لە کاتێکدا نزیکەی دوو مانگی ماوە بۆ ڕادەستکردنی فەرمی دەسەڵات بە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی نوێی ئەمریکا، ئەگەرەکان سەبارەت بە سیاسەتی ناوبراو بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، بۆتە بابەتی گەرمی میدیا ناوخۆیی و دەرەکییەکان. دام و دەزگا تەبلیغاتییەکانی هەردوولا بە ئاشکرا سووکایەتی بە شعوور و وشیاری ئینسان دەکەن. درۆ و ڕیاکاریی، مانۆڕ و فریو لەژێر ناوی "هەوڵی دیپلۆماتیک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی قەیرانەکان" دەرخواردی بیروڕای گشتی دەدرێت. لە ڕاستیدا هەموو لایەنەکان درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن. هەموویان دەستی یەکتریان خوێندووەتەوە و خەریکی سەرقاڵکردنی ڕای گشتیین، بۆ ئەوەی لە پشت پەردەوە، ئەوەی کە بەپێویستی دەزانن، ئەگەر شەڕ بێت یان دانوستان، یان ئەگەر نە شەڕ بێت و نە دانوستان، هەرچییەک بێت، دوور لە چاوی خەڵک، ئامادەی بکەن. واقیعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەو گوشارە ئابووریی و سیاسییانەی کە بەهۆی ئەو گورزە کوشندانەی کە بە تایبەتی لە حیزبوڵڵای لوبنان دراوە، نە ڕێگای بەرەوپێشچوونی هەیە و نە گەڕانەوە. "خۆڕاگریی" لەم بوارەدا، جگە لە درۆ، هیچی تر نییە. توانایی نیزامیی ڕێژیمی ئێران بە بەراورد لەگەڵ هێزی نیزامیی و تکنۆلۆژیی ئەمریکا و ئیسرائیل، پێویستی بە قسە لەسەرکردن نییە. هاویشتنی مووشەک لە ژێر ناوی "مژدەی سادقی یەک و سادقی دوو"، سەرەڕای تێچووی زیاتر لە دوو ملیارد دۆلار، نەک هەر نیشانەی خاڵی بەهێز نەبوو، بەڵکوو لاوازیی نیزامیی ڕژێمیان ئاشکرا کرد. لەمڕووەوە لەو دانوستانە حەتمیانەی کە لەڕێدایە، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت لەسەر تواناییە نیزامییەکەی بۆ سات و سەودا و بەدەستهێنانی هیچ دەستکەوتێک حیساب بکات.

نەفرەت و بێزاری جیهانی لە ئاست تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکانی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل لە غەززە و لوبنانیش، فاکتەرگەلێک نین کە کاریگەریی لەسەر دانوستانەکانی داهاتوو بە قازانجی کۆماری ئیسلامی دابنێن. کۆماری ئیسلامیش هاوشێوەی ڕێژیمی دژە ئینسانیی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل، لەلای بیروڕای گشتی خەڵکی جیهان، گۆشەگیر بووە. کەس، منداڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا، لەبیر نەچۆتەوە. مەترسیدارتر لەو گوشارە ئابوورییانەی سەر کۆماری ئیسلامی کە چاوەڕوان دەکرێت کابینەکەی ترامپ توندتری بکاتەوە، ئەوەیە کە ڕێژیم بتوانێت بە مانۆڕی دیپلۆماسی و درێژکردنەوەی پرۆسەی دانوستان و گفتوگۆکان، لەئاست ئەو گوشارانەدا دەوام بهێنێت. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەک لە کەلێنی نێوان دەوڵەتەکانی چین و ڕووسیا لەگەڵ ئەمریکا، هیچ ئاکامێکی بۆ کۆماری ئیسلامی نابێت. ترامپ بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە کۆتایی بە شەڕی ئۆکراین دەهێنێت و پوتینیش یەکەم سەرۆکی دەوڵەت بوو کە سەبارەت بە سەرکەوتنی ترامپ بەکردەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و پیرۆزبایی لێکرد. دەوڵەتی چینیش لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، جگە لە بەتاڵانبردنی نەوتی هەرزانی ئێران، هیچ کارێکی بۆ سووککردنی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لە دژی کۆماری ئیسلامی نەکردووە. بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانە، کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگایەکی دیکەی نابێت، جگە لە دانی ئیمتیازاتی جددی لەو بوارانەی کە ئەمریکا دەیەوێت، لەوانە کۆتاییهێنان بە ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەمنییەتی ئیسرائیل لە ناوچەکە و ڕاگرتنی پرۆژەی ئەتۆمیی. دانوستان چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، شاراوە بێت یان ئاشکرا، ناتوانێ هیچ دەرەنجامێکی تری لێ بکەوێتەوە جگە لە تەسلیم بوونی کۆماری ئیسلامی و ئەمەش جامێکی ژەهرە کە ڕێژیم زوو یان درەنگ دەیخواتەوە. پێویستە پاڵنەر و بزوێنەرە ڕاستەقینەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا، لە شوێنێکی دیکە و لە دەرەوەی ئەم مانۆڕ و فریوکاریانەدا ببینرێت. داڕێژەرانی سیاسەتی گشتیی لە ئەمریکا، چ لە سەردەمی سەرۆککۆماریی پێشووی ترامپ یان سەردەمی بایدن و چ لە دانوستانەکانی داهاتوو لەگەڵ دەوڵەتی ترامپ، بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر شەڕێک هەڵگیرسێت و کۆماری ئیسلامی بە سڵامەت لێی دەرباز نەبێت، کە نابێت، چی بەسەر ئێرانی داهاتوودا دێت؟ سیاسەتمەدارانی ئەمریکا، نە ئێستا ئەو متمانەیان بە لیبراڵە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا هەیە و نە ٤٦ ساڵ لەمەوبەریش لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی شادا متمانەیان پێیان بوو، کە کۆنترۆڵی ئەم وڵاتە هەستیارە ژیۆپۆلەتیکییەیان پێ بسپێرن. لەمڕووەوە دەوڵەتی ترامپ، هەروەک بە ئاشکرا وتوویەتی، نایەوێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێت و تەنیا بیر لە گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم دەکاتەوە. دەوڵەتی ئەمریکا لە باشترین حاڵەتدا، لەم ئۆپۆزسیۆنە تەنیا بۆ گوشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئیمتیازی زیاتر، کەڵک وەردەگرێت. لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئەمریکا لەناوخۆی ئەم دەسەڵاتەی ئێستادا، بەدوای بەدیلی خوازراوی خۆیدا دەگەڕێت. ترامپ پرۆسەی دانوستان تا ئەو کاتە درێژ دەکاتەوە کە ئەو بەدیلە لە هەناوی ئەم ڕژێمەی ئێستادا شکڵ بگرێت. بەڵام لەم نێوەندەدا ڕوخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی، لە ئاکامی خەبات و نارەزایەتی جەماوەری وەگیانهاتووش، یەکێک لەو ئەڵتەرناتیڤانەیە کە کەس ناتوانێ لەبەرچاوی نەگرێت. شۆڕشی "ژینا" لە قووڵایی ئەم کۆمەڵگایەدا ڕیشەی داکوتاوە. ئەم سات و سەودا نهێنیانە، ناتوانن بە ئاسانی بەسەر خەڵکی کۆمەڵگای ئێراندا تێپەڕبن. ئەم کۆمەڵگایە ئەوەندە بێدەنگ و بێ هەڵوێست نییە کە کۆنەپەرستان و باڵە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی ناوخۆیی و ئیمپریالیزم، بتوانن بە ئاسانی بەسەر دەیان ملیۆن ئینسانی تینووی خۆشبژێوی، ئازادی و یەکسانیدا تێپەڕ بن و هەر سیاسەت و بەدیلێکیان بەسەردا بسەپێنن. ڕاپەڕینی بەهێزی ئەو خەڵکەش یەکێکە لە نیگەرانییە جیددی و هاوبەشەکانی داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 456-December 2024
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر
# ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی کوژرانی خوشکەکانی میرابێل، پاتریا، مینێروا و ماریا تێرێزا، لە خەباتی سیاسی لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری لە کۆماری دۆمینیکێن، ساڵی ١٩٦٠ وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاریکراوە. دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر ناوزەدکردنی ئەم ڕۆژەدا، چاوخشاندنێک بەسەر ئەو توێژینەوانەی کە لە جیهاندا ئەنجام دراون، دەریدەخات کە توندوتیژی دژی ژنان هێشتا لە سەرجەم کۆمەڵگاکاندا بەردەوامە و تەنانەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکانیش کەم تا زۆر بەدیدەکرێت. لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیدا، لەمێژ ساڵە سەرچاوە فەرمییەکان خۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ئامارەکانی پەیوەست بە توندوتیژی بنەماڵەیی لەم وڵاتەدا دەبوێرن. دوایین ئاماری فەرمی پەیوەندی بە توێژینەوەیەکی وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ١٣٨٣وە هەیە و بەپێی ئەو توێژینەوەیە ٦٦٪ی ژنانی ئێران بەرەوڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. توندوتیژی دژی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی و بە تایبەت لە دوای شۆڕشی ٥٧، بە سەپاندنی حیجابی ئیجباریی، سەرکوتکردنی ژنان و زەوتکردنی ئازادی جلوبەرگ، دەستی پێکرد. ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی، لە ساڵەکانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیدا، زۆر بە خێرایی هەموو بوارەکانی ژیانی ژنانی تێپەڕ کرد و بە چڕکردنەوەی هەموو جۆرە ستەمێک لە سەر ژنان، هەر لە توندوتیژی بنەماڵەیی و هاوسەرگیریی لە تەمەنی منداڵییەوە بگرە تا کوشتن بەناوی نامووس و پژاندنی تێزاب بە دەم و چاوی ژنانی ئازادیخواز و هتد، گەیشتە لوتکە

ئەم توندوتیژییە لەدژی ژنان، ساڵی ١٤٠١ و لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، لە لایەن ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی کوردستان و سەرانسەری ئێرانەوە لەگەڵ ئاڵەنگاری بەرەوڕوو بووەوە. بەڵام ئەو قۆناغە، لە هەمان کاتدا، وەحشیگەری و دژە ژن بوونی ڕێژیمی ئیسلامی لە هەموو کاتێک زیاتر نیشان دا. کوشتن و تیرۆرکردنی کچان لەسەر شەقامەکان، دەستبەسەرکردنە بەربڵاوەکان، کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی دێرینی دەستدرێژی و توندوتیژی ڕێکخراو لەناو زیندانەکان و هەروەها ژەهراویکردنی قوتابخانە و بەشەناوخۆییەکانی کچان، هەمووی ئەمانە لە زومرەی ئەو ڕێوشوێنە جینایەتکارانەیە بوون کە هەر لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لەدژی بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنانی ئێران، بەکارهێنران. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە بەسەر دەستپێکی شۆڕشی ژینادا تێپەڕ دەبێت، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵیانداوە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەیاسای حیجاب، تەرحی نوور و بەکارهێنانی سزا گەلێکی وەک غەرامەی قورس، دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک و زیندانی درێژماوە و لەم دواییانەشدا بە تەرحی گاڵتەجاڕانەی دامەزراندنی "کلینیکی چارەسەری بێ حیجابی"، لەدژی ئەو ژن و کچانە بوەستنەوە کە تەسلیمی حیجابی ئیجباریی نابن. ژنانی ئازادیخواز وەڵامی سەرجەم ئەم تەرح و گەڵاڵە ڕەنگاوڕەنگانەیان لە گۆڕەپانی شەقامەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکاندا، بە تووڕهەڵدانی حیجابی ئیجباریی داوەتەوە. ئەمڕۆ بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ژنانی ئازادیخواز لەم بوارەدا سەرکەوتوون و ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ شکست و داماویی بەرەوڕوو بووەتەوە ئەم ئەزموونە کە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە بەرچاوترین شێوە دووپات بووەوە، دەریخست کە تەنیا خەبات و هاوپشتی جیهانی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز دەتوانێت پێوەندییەکانی دەسەڵاتی ناهاوسەنگ، بە نەهێشتنی فەرهەنگی کۆنی پیاوسالاری و توندوتیژیی پێکهاتەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، تێک بشکێنێ و خەبات و تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی ژنان و پیاوان بە ئاکام بگەیەنێت. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە هێشتا تا کۆتاییهاتن بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان و باقی نایەکسانییەکانی دیکە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەپێشدایە و بێ گومان سەرەنجام بە ئازادی و ڕزگاریی یەکجاری دەگەین. ئەمساڵ ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بە هەر شێوەیەکی مومکین، هاوهەنگاو لەگەڵ باقی هەڵسووڕاوانی بواری مافەکانی ژنان، لە شەقامی شارە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دەستکەوتەکانمان بەرز دەنرخێنین و مژدەی ڕزگاریی حەتمی ژنان، بە گوێی جیهان دەگەیەنین

**کۆمیتەی ژنانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**٢٤ی نۆڤامبری ٢٠٢٤**

**٤ی سەرماوەزی ١٤٠٣**

دواستون

## «شۆڕشی لەشکری برسییەکان بەڕێوەیە»

«شۆڕشی لەشکری برسییەکان» دەستەواژەیەکە لە ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بۆ وەسفکردنی شۆڕشی جەماوەری لەدژی دەسەڵات بە تایبەت لە بارودۆخی قەیرانی ئابووریی سەخت و نایەکسانی کۆمەڵایەتی بەربڵاودا بەکاردێت. ئەم دەستەواژەیە زۆرجار لە بارودۆخێکدا بەکاردەبرێت کە جەماوەر بەدەست هەژاری و برسێتی و هەڵاواردنەوە ئازار دەچێژن و هیوایان بە ریفۆرم و چاکسازی لەڕێگەی ئاشتیانەوە لەدەست داوە. سەبارەت بە ئێران و کۆماری ئیسلامی، ئەم دەستەواژەیە لەم ماوەیەی دواییدا لەلایەن بەرپرسان و میدیاکانی سەر بە حکوومەتەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە نیگەرانییەکی جیددی سەبارەت بە پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە نێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیدا بوونی هەیە. لێدوانی بەشێک لە بەرپرسان سەبارەت بە «شۆڕشی برسییەکان» و هۆشدارییەکان سەبارەت بە ئاکامەکانی سەرچاوەگرتوو لە بوونی کەلێنی چینایەتی و هەژاری بەربڵاو، سەلمێنەری ئەم نیگە را نیا نە یە

بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری ڕێژەی هەڵاوسان، دابەزینی بەهای دراوی وڵات، بێکاریی بەربڵاو و کەلێنی قووڵی چینایەتی، پەرەسەندنی بەرچاوی نایەکسانی ئابووری و کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان لە دەستی کەمینەیەکی زۆر بچووکدا، بەرزبوونەوەی بەردەوام و نائاسایی نرخەکان و کەمبوونەوەی توانایی کڕینی خەڵک، ڕێژەی زۆری بێکاریی بەتایبەتی لەناو لاوان و کێشە و گرفتی لەڕادەبەدەری بژێوی ژیان، بێتوانایی دامودەزگاکانی حکوومەت لە وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازییەکانی خەڵک، پەرەسەندنی بێهیوایی و نائومێدی لەناو خەڵکدا و لەدەستدانی ئومێد بە داهاتوو، پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنی گشتی و ئەگەری گۆڕانکاری و پێشهاتی گەورەتر، پەرەسەندن و جەماوەریی بوونی بیروباوەڕی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە لە نێو خەڵکدا و هەروەها خواستی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هتد، لە زومرەی ئەو فاکتەرە گرنگانەن کە نیگەرانییەکانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامییان سەبارەت بە ئەگەری هاتنەئارای شۆڕشێکی لەو چەشنە، قووڵتر کردووەتەوە خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەگەرچی بوونی ئەم نیشانانە بەتەنیا مەرج نییە، بە واتای سەرهەڵدانی شۆڕش بێت، بەڵام کۆی گشتی ئەم نیشانانە و توندتربوونەوە و پەرەسەندنیان، لە پەنای کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەری دیکەی وەک: پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ، لەسێدارەدانی بەربڵاو و سەرەڕۆیانە، د ە ستبە سە ر کر د نی هەڕەمەکی و زیندانیکردنی درێژماوە، پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕین، هەڵاواردن لە دژی ژنان، پێشێلکردنی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، مافی منداڵان، مافی کرێکاران، نەبوونی ئازادیی بیروباوەڕ و ڕاگەیاندن و هتد، ئەگەری ڕووداوێکی لەو شێوەیەی بەهێزتر کردووە. هەربۆیە پێویستە بڵێین کە ترس و نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە «شۆڕشی لەشکری برسییەکان»، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە

****